


Government of the Netherlands

IOM
UN MIGRATION



WASL
وصل

Halabja Disabled Organization

# ئاشتی

کتێبێڵ دەربارەی میانەڕەوی و ناتوندوتیژی

## پێشەکی

(گوتەیەک بۆ مامۆستایانی بەڕێز)

١.١ ئەم کتێبە لەسەر بنەمای ناسینی مرۆڤ کە هەم خاڵی بەهێزی هەیەو هەمیش خاڵی لاواز نووسراوە. خاڵە بەهێزەکەی مرۆڤ لەوەدایە کە دەتوانێت ئەوەندە بچێتە پێشەوە کە نەوەک هەر بیرکرنەوەکانی بگۆڕێت ( من بیردەکەمەوە)، (I am thinking ) هەروەها هەستەکانی گەشە پێبدات و لە هەستە کاڵە بەراییەکانی خۆی ڕزگاری بکات و هەستی شارستانیی و زیاتر مرۆییانەی لە جێگە دانێت (Iam feeling) بەڵکو خودی خۆیشی لە بنەڕەتدا بگۆڕێت ( What am I). ئەمەش بنەمای سێ جۆر لە ژیرییە کە لە مرۆڤدا بوونی هەیە. ئەوەی یەکەمیان پێی دەوترێت (IQ) و دەتوانرێت بە ژیری ( زیرەکی ) ناوببرێت، کە توانای بیرکرنەوەی بیرکارییانە و شیتەڵکردن لە مرۆڤدا دروست دەکات ) بیرکردنەوە بە مرۆڤ دەبەخشێت .

جۆری دووەمی ژیری (EQ) هەست و سۆزەکانی مرۆڤ و خۆگرتنەوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی پێوەبەستراوە. گەشەدان بە هەست و سۆزەکانی مرۆڤ و ) فەزیڵەتە ( کۆمەڵایەتییەکانی ئەم جۆرە لە ژیری پەرەیان پێدەدات کە دەبێت هەر لە منالییەوە کاری لەسەر بکرێت.

جۆری سێیەمی ژیری (SQ) ژیری گیانی و مەعنەوییە. ئەمەیان لە وا مرۆڤ دەکات کە خۆی بناسێت ) وەک بەشێک لە گشتێکی گەورەتر( هەم

لە ڕووی گەردوونییەوە وەک بەشێک لە گەردوونێکی گەورەتر لە گۆی زەوی و لە ڕووی کۆمەڵگەشەوە وەک ئەندامێک سەربە کۆمەڵگەی جیهانی مرۆڤ، نەوەک تەنها سەربە کۆمەڵگە تایبەتەکەی خۆی ( خێزان و خێڵ و نەتەوەکەی). ناخی خۆی بناسێت و مانا بە ژیانی خۆی ببەخشێت ( من چیم گەردوون چییە، بۆچی دروست کراوم، ئەرکم چییە، هاوبەشی و جیاوازی نێوان من و بەشەکانی دیکەی گەردوون چییە)؟

چۆن لەگەڵ بەشەکانی دیکەی گەردوون و زەوی ( دەریا و با و درەخت و ئاژەڵەکان هاوئاهەنگ و بە ئاشتی بژیم؟) کولتوورە مەزنە ئایینی و نەریتە گەورە هونەرییەکانی مرۆڤایەتی مەشقی پەرەپێدانی ئەم جۆرە ژیرییە مەعنەوییەی مرۆڤن و مرۆڤ فێری پەرەدان بە توانا ڕۆحیی و ئەزمونییە قووڵەکانی دەکە.

١.٣ کارکردن لەسەر ناتوندوتیژی و میانەڕەوی پێویستی بە پەروەردەکردن و ڕاهێنان لەسەر هەرسێ ژیرییەکەی مرۆڤ هەیە ( دەبێت بیرکرنەوە و هەست و سۆز و ئەزمونی ڕۆحی و دەروونی خۆم بگۆڕم). ئەو دەمە ئاکار ( کردن) و گوتار( وتن)ی توندوتیژانەی من گۆرانکاری بەسەردا دێت.

٢.١ چونکە مرۆڤ لانی کەم دوو لایەنی هەیە: لایەنی ناوەوە کە بە جیهانی دەروون ( mind) لە سێ بەشی سەرەکی ( باوەرەکانی مرۆڤ ، هەست و سۆز و هەیەجانەکان، ویست و هەڵبژاردنی مرۆڤ) پێکهاتووە



و جیهانی دەرەوەش کە ) کردن (و ) وتنەکان (ی مرۆڤن. گۆرانکاری لەو دوانەی دەرەوە ( کردن و وتن) دەرەنجامی گۆرانکاری ئەو سیانەی ناوەوەن.

٢.٢ ئەگەر مرۆڤ خۆی بارنەهێنێت ( لە دیوی ناوەوە)، ئەوانی دیکەش یارمەتی بارهێنانی نەدەن و فەزای بۆ نەخولقێنن ( لە دیوی دەرەوە) ئەوا نەک هەر بەرامبەر جیهانی گەورەتر لە خۆی و هاوئاستی خۆی و وردتر لە خۆشی تەنانەت خۆشی، ڕووبەڕووبەنەوە و توندوتیژی ئەنجام دەدات. ئەمەش خاڵە لاوازەکەی مرۆڤە کە لە سەرەتاوە باسمان کرد.

بۆیە مرۆڤ پێویستی بە گۆڕانکارییە، لەوەوە کە هەیە بۆ ئەوەی کە دەبێت ببێت (پێویستی پەروەردە لێرەوەیە) گواستنەوە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دی ( گواستنەوە لە دۆخی ڕووبەڕووبوونەوە بۆ دۆخی ئاشتی).

٢.٣ مانەوەی مرۆڤ لە دۆخی پێشوویدا توندوتیژی دەخولقێنێت. ئەم تـوندوتیژییە سـێ هـۆکاریشی هـەیـە. یـەکەم: یـان ئەوەتا بە هـۆی نەزانینەوەیە. چونکە مرۆڤ ناتوانێت لەگەڵ سازدان و چاککردنی شتێک ئارام بگرێت کە نایزانێت. بۆ نمونە: ئەگەر پلاکێک خراپ بووبێت بزانیت چۆن چاک دەکرێتەوە ئارامی لەگەڵ دەگری و چاکی دەکەیتەوە. بەڵام ئەگەر نەزانیت چۆن چاک دەکرێت ئەوا دەستی پێدا دەکێشیت و دەیشکێنیت ) ئەمە پێی دەوترێت توندو تیژی بە هۆکاری نەزانین).

٢.٤ هۆکاری دووەمیان: یاخود لەوانەیە ئامێرەکە بە هۆی ئەوەوە خراپ ناکەیت کە نازانیت، بەڵکو خەریکی چاککردنیشی دەبێت، چونکە وا دەزانیت کە دەزانیت چاکی بکەیتەوە. بەڵام لە راستیدا نازانیت و خۆت وا دەزانیت کە چاککردنەکە دەزانیت. لێرەدا وێرای ماندبوونت ئامێرەکەش چاک نابێت. بەڵکو خراپ دەبێت ) ئەمە خراپ بوونە بە هۆی نەزانینی نەزانینەوە یە).

٢.٥ هۆکاری سێیەم: لەوانەیە بزانیت ئامێرەکە چۆن چاک دەکرێت و هەروەها بشزانیت کە باش دەزانیت چۆن باش بکرێت، بەڵام بە هۆی ( بەرژەوەندی ) یان (باری نادروستی دەروونییەوە بۆ نمونە ئیرەیی) نەتەوێت چاکی بکەیتەوە (مەیل) ی چاککردنیت نییە، بەڵکو دەتەوێت خراپتری بکەیت ( توندی تیژی بە هۆی نیازخراپییەوە).

٢.٦ کۆی ئەو سێ جۆرە لە توندوتیژی (توندوتیژی نەزانانە و توندوتیژی نەزانینی نەزانینانەو و توندوتیژی نیازخراپانە) دەچنە ناوتیۆرییایەکی ناسینی رەفتاری مرۆڤەوە کە بە تیۆریای ( مەیل- باوەڕ) ناسراوە. کە پیشانی دەدات توندوتیژی یان بەهۆی هەڵەی باوەڕەکانییەوەیەتی ( نازانێت یاخود نازانێت کە نازانێت)، یاخود بە هۆی مەیلی خراپەوەیە ( نیازی خراپە). بۆیە بۆ ئەوەی کاری ناتوندوتیژیانەی مرۆڤ ( لە کردن و گوتنیدا) نەمێنێت، ئەوا دەبێت ناوەوەی مرۆڤ بگۆڕدرێت) هەر سێ ژێرییەکە گۆڕانکارییان بەسەردا بێت) چونکە هەرکام لەوان یان



باوەڕەکانی مرۆڤ دەگۆڕن یاخود مەیلی دەگۆڕن و ویست و ئیرادەش لە ئەنجامی گۆڕانی مەیل و باوەڕەوە گۆڕانکاری بەسەردا دێت. هەروەک دەزانرێت کە ئەوە ویست و ئیرادەشە کردار و گوتار دەهێنێتە بوون.

٣.١ ئەم کتێبە دەربارەی ناتوندوتیژییە، بە پشتبەستن بەوەی لەسەرەوە گوترا. کە دەشێت بووترێت وەڵامی سێ پرسیارە گرنگەکەیە دەربارەی ئەو بابەتە: کە ئەوانیش پرسیاری (چی و بۆچی وچۆن؟)ن. واتە توندوتیژی چییە و بۆچی توندوتیژی بوونی هەیە و چۆن چارەسەر دەکرێت؟.

٣.٢ لەسەرەوە لەم پێشەکییەدا تا رادایەک وەڵامی ( بۆچی ) مان دایەوە، وەڵامی پرسیاری چییەتی توندوتیژی و چۆنییەتی چارەسەریشی هەوڵ دەدرێت لە ناوەڕۆکی کتێبەکەدا بدرێتەوە.

٣.٤ ئەو شێوازەی لەم کتێبەدا بەکاربراوە بۆ گەیاندن و بەکاربردنی لەلایەن خوێندکاران و ڕێنمونیکرن لە لایەن مامۆستایانەوە بریتییە لە شێوازی ( گفتوگۆی تێرامانانەی گێرانەوە). کە گێرانەوەی چیرۆکێکی مەبەستدار لە لایەن مامۆستا یاخود یەکێک لە خوێندکارانەوە و پاشان لە نێوان خوێندکارەکاندا گفتوگۆ لەسەر ناوەڕۆکی چیرۆکەکە دەکەن و تێرامانی دەربارە دەکەن. شیوەڕییەکی (میتۆد/ منهج)ێکی پەروەردەیی تایبەتە کە فێرکردن و ڕاهێنان و گۆڕانکاری ئەنجام دەدات لە ڕێگەی گفتوگۆ لە لایەن خوێندکاران خۆیانەوە، بە پشت بەستن بەو چیرۆکەی لە سەرەتای وانەکەدا لە لایەن مامۆستا یا خودخوێندکارێکەوە دەخوێنرێتەوە

و پاشان لە نێوان خوێندکارەکاندا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.

خوێندکاران لەم ڕێیەوە گۆرانکاری لە خۆیاندا دروست دەکەن و کاری مامۆستاش لەو نێوانەدا تەنها ڕێنوێنی کردنە و لەم شێوەڕێیەدا ئامانج تەنها گەیاندنی چەمکەکان نییە ( تەنها ژیری زیرەکی بەکارببرێت) ، بەڵکو گۆرانکارییەکە کە دەبێت هەردوو ژیری هاوسۆزی و مەعنەویش بگۆردرێن و گەشە بسێنن. ئەو شێوازە لە جیهانی پەروەردەدا بە شێوازی سۆکراتی ناسراوە. چونکە سۆکراتی فەیلەسوفی بەناوبانگ ئەم ڕێگەیەی بەکاردەهێنا بۆ چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگەکەی. لە سەردەمی نوێدا لە لایەن زانای پەروەردەیی گەورە ( لیپمان) برایەوە ناو جیهانی پەروەردە و دواتر لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکتنەوە بە فەرمی وەرگیرا.

٣.٥ ئەم شێوازە ئەمرۆ گشتگیر بووە و بۆ زۆر بواری پـەروەردەیی بەکاردەبرێت. من خۆم وەک مامۆستا لە بواری پسپۆری خۆمدا بەکارم بردووە و دەرەنجامی سەرکەوتوانەی هەبووە ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە چۆن ئەم کارە بکرێت ( چۆن بکرێتە بابەتێکی کردەیی).

٤.٢ وەک وتم سەرەتا چیرۆکی سەرەتای بابەتەکە دەخوێنرێتەوە. لەبەر ئەوەی کتێبەکە بە جۆرێک نووسراوە کە زۆربەی بابەتەکان تێیدا جێکراوەتەوە ( چییەتی و چۆنییەتی چارەسەر). بۆ نمونە لێرە چییەتی توندوتیژی و چۆنێتی چارەسەری) ئەویش بەوەی لە نووسینی سیناریۆ و



چیرۆکەکاندا جێی بابەتەکان کراوەتەوە و بە جۆرێک کە گوێگر ( یان خوێنەر) بخاتە سەرسورمان و پرسیاری بۆ دروست ببێت و هەوڵی وردبوونەوە و تێرامان لە بابەتەکە بدات. (نەک تەنها چێژ بەرێت بەڵکو تێشبفکرێت.

٤.٣ دوای خوێندنەوەی بابەتی دیاریکراو و ئەنجامی گوێگرتن و بێدەنگی تێرامانانە مامۆستای وانە ڕوانینی خوێندکارەکان لەسەر تەختە سپییەکە دەنووسێت. لە پەنا ڕای هەرکام لە خوێندکارەکانیشدا ناوی ئەو خوێندکارەکە دەچەسپێنێت . پاشان مامۆستا کاری ڕێنمونیکارانەی خۆی دەست پێدەکات.

٤.٤ مامۆستا ڕێنماییەکانی لە چوارچێوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە دەبینێتەوە کە ڕووبەڕووی خوێندکارەکانی دەکاتەوە یاخود ئەوان ڕووبەڕووی یەکتری دەکەنەوە، بە مەبەستی تێرامان و پێکەوە بیرکرنەوە و گۆرانکاری. بێگومان خودی ئەم پرسیارانە تەنها نمونەن ئەگینا دەکرێت بۆیان زیاد بکرێت یاخود پرسیاری دیکە جێیان بگرنەوە:

٤.٥ پرسیارەکان:

1 بەڵگەت بۆ گوتەکانت چییە؟

دەکرێت لە هەرکام لە خاوەن ڕاکان لە دەلیلی ڕاکەی بپرسرێت:

2 نمونە بهێنەرەوە.

بۆ ئەوەی بابەتەکە بەرجەستە بێت لە نارووونییەکانی کەنارگیر

بکرێت. بپرسرێت کە ئایا دەتوانێت نمونە بۆبۆچوونەکەی بهێنێتەوە؟

3 بۆچی لەگەڵی یاخود دژیتی، کاتێک بەشداربوان دژی بۆچوونەکەن دەکرێت بپرسرێت بۆچی دژینی؟

٤ رستەکەی خۆت روون بکەرەوە! دەکرێت داوا لە بەشداربوو بکرێت کە خۆی بگۆرێت بەوەی بۆچوونەکەی روونتر بڵێت.

٥ ئایدیاکان بخەنە پاڵ یەک کێ شتێکی زیاتری پێیە).

تا بابەتەکەی پێ تۆکمەبکرێت و بکرێتە بەشداربوونێکی گشتی (بەوەی را نزیکەکان کۆبکرینەوە و داوا بکرێت کێ شتی زیاری پێیە بخرێتە سەری).

٦ دووبارە روونکردنەوە

٧ هێنانەوەی بەڵگەی هەڵوە

٥.١ گرنگی ئەم میتۆدە لەوەدایە کە ئەوەی بە پێشگریمانە وەرگرتووە کە بە قسەکردن و گفتوگۆ مرۆڤ بوونی دێتە دی. وادادەنێت کاتێک من ناهێڵم تۆ قسە بکەیت ئەوا تەنها تۆم لە قسەکردن نەخستووە بەڵکو تۆم لە مرۆڤ بوونیش خستووە.

٥.٢ بنەمای ئەم بابەتە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە مرۆڤ خاوانی زمانە و زمانیش تا تەمەنی چوارساڵی تەنها ئامرازی گەیاندنە، لە دوای تەمەنی چوار ساڵییەوە ئیتر لە رووی بیرکردنەوە بە پشتبەستن بە مرۆڤ لەو قۆناغەی تەمەنی زمان جیهانی تایبەتی خۆی دەخولقێنێ



لە خۆی کەسایەتییەکی دیکە دروست دەکات و گفتوگۆلە نێوان ئەو دووکەسایەتییەدا دروست دەبێ.!

بە خۆی دەڵێت بۆ ئەوەت ئەنجام دا و ئەوەت ئەنجام نەدا. دواترخۆشی وەڵام دەداتەوە و بەڵگە دەهێنێتەوە و رەخنە دەگرێت و رووندەکاتەوە و دادەرێژێتەوە و بەڵگەی دژ دەهێنێتەوە و لەگەڵ خۆی دەرگیر دەبێت و بیردەکاتەوە و دەگۆرردرێت. ئیتر ئەو لە زیندووترین حاڵەتی خۆیدا دەژی و ئاگایە بە خۆی. ئەگەر ئەو گفتوگۆ و ئاگاییەی لێ وەربگیرێتەوە ئەوا دەبێتە ئامراز و لە خۆی دەکەوێت.

٥.٣ هەر ئەمەش کاتێک لە نێوان مرۆڤ و مرۆڤەکانی دیکەدا روودەدات ئەوا دەبێتە زیندووترین حاڵەتی مرۆڤ. کەسەکان کاتێک بۆیەکتر بەڵگە دەهێننەوە و نمونە دەهێننەوە دادەرێژنەوە و نمونە دەدەن و دەچنە پاڵ یەکدی لەراکانیاندا و لێکدی جودا دەبنەوە (بە هۆی وەڵامی پرسیارەکانی سەرەوە) ئەوا دووری نێوانیان دەبێتە دۆخێکی زیندووانە و جێگای تێرامان و بیرکرنەوە لە بابەتەکە.

٥.٤ ئیدی پێوەر تەنها ئەو ئاگایی و پێکەوە بوون و گۆرانکاری ناوەکییە زیندووەیە و هیچ پێوەرێکی دیکە لەو نێواوەنەدا بوونی نامێنێت.

لەوانەش جیاوازیی جەستەیی (بۆ نمونە خاوەن پێویستییە تایەبەتییەکان وەک ئەوانی دی دەبن) و جیاوازی رەگەزی و تەمەنی و توێژی. و هتد..

هەموو ئەو چیرۆکانەی لەم کتێبەدا نووسراون کە لە راستیدا رۆمانێک

دروست دەکەن بۆ هێنانەدی هەموو ئەوەی سەرەوە نووسراون لە بابەتێکی گرنگی وەک ناتوندوتیژی و میانەڕەوی. لە راستیدا ڕێنمونین بۆ ئەو بابەتە مرۆییە گرنگە. بە ئومێدی ئەوەی جێگەی سوود بێت.

تەحسین حەمەغەریب





(1)

(ئاشتی ون بووە)

ئاشتی خوێندکاری پۆلی سێی بنەڕەتییە. ئێستا دە خولەک لە وانەی یەکەم تێپەڕیوە هێشتا کورسی و مێزەکەی خاڵییە نە مامۆستا ئارام و نەهاوڕێکانیشی نازانن، بۆچی هێشتا نەهاتووەتە ژوورەوە.

مامۆستا ئارام هێشتا چاوەڕوانە دەست بە خوێندنەوەی چیرۆکەکە بکات کە بەشێکە لەو کتێبە چیرۆکییەی خۆی دەینووسێت و لە وانەی ) پێکەوە بیرکردنەوە ( هەر ساڵێک دەیخوێنن. بابەتی کتێبەکەی ئەم ساڵ بریتییە لە ( ژیانی میانەڕەوانە و نەبوونی توندوتیژی) کە هەر جارەو یەکێک لەچیرۆکەکانی ناو کتێبەکە دەخوێنرێتەوە کە باسی لایەنێک لە لایەنەکانی بابەتەکە دەکات و دواتر هەمووان پێکەوە گفتوگۆی لەسەر دەکەن.

مامۆستا ئارام پرسی ئەوە ئاشتی لە کوێیە؟ شوێنەکەی چۆڵە!.

(مامۆستا بۆ شوێنەکەی ڕوانی کە ڕۆژانە چالاکانە و دەم بە






خەندەوە لێیەوە ئاشتی بەشداری تێڕامانان و گفتوگۆکانی دەکرد.!

ڕەوا کە کورسی و مێزەکەی لە دوای کورسی و مێزەکەی ئاشتییە وتی: مامۆستا ئەم بەیانییە بە پاسەکە چووینە بەردەم ماڵیان دایکی لەبەر دەرگا چاوەڕوانی دەکرد بە کاک هێمنی شۆفێری گوت:

ئاشتی پێش چەند خولەک لەگەڵ باوکی چوون بۆ قوتابخانە. چونکە باوکی لە نزیک قوتابخانە کارێکی هەبوو و ئاشتی گوتی منیش لەگەڵت دێم. دایە! بە کاک هێمن بڵێ من لەگەڵ باوکم ڕۆشتم!.

مینا گوتی: من پێش لێدانی زەنگی چوونە ناو کڵاس بینیم. نمە هاتە دەنگ و گوتی: من بینیم کڵاوێکی سووری لەسەر کردبوو قژەکانی لەژێر کڵاوەکەوە بەسەر پشت و هەردوو شانی بڵاوکردبوویەوە و سڵاومان لەیەکتر کرد.

مامۆستا ئارام کە شڵەژانی پێوە دیاربوو گوتی: کەواتە ئەو هاتووەتە ناو قوتابخانە.!

منداڵەکان هەموویان سەیری یەکتریان کرد ولە کاتێکداچاوەکانیان لەیەکتر و لە مامۆستاش بڕی، بە بێدەنگی بێ ئەوەی زار ببزوێنن بە نیشانەی پرسیار لەسەر دەموچاویان گوتیان (ئاشتی) لە کوێیە؟



وەک ئەوەی بە یەکتریان گوتبێت (ئاشتی ون بووە هەموویان سەیری شوێنی چۆڵی ئاشتییان دەکرد ) ئاخۆ ئاشتی لە کوێ بێت؟) (

مامۆستا ئارام بە خوێندکارەکانی گوت: ئێوە لە شوێنی خۆتان بن تا من بچمە بەڕێوەبەرێتی قوتابخانە بزانم ئەوان چی دەڵێن.!

خوێندکارەکان بە بێدەنگی لە ژوورەوە دانیشتن، پێشتر تەنها شوێنی ئاشتی چۆڵ بوو هەنوکە شوێنی مامۆستاش وای لێهات.!

پاش تێپەڕبوونی چەند خولەکێک کە خوێندکارەکان بێجووڵە بوون و بێدەنگییەکی قووڵ وەک تەم کون و قوژبنی ژوورەکەی تەنی بوو، دەنگی هەرچوار پێڵاوەکەی مامۆستا ئارام و ئاشتی کە بەر کاشییەکانی ژوورەکە دەکەوتن، ئەو بێدەنگییەیان شکاند. لە دەرەگاکەوە بەدەرکەوتن و بە خەندەی هەموویان پێشوازییان لە دەموچاوی پڕ لە خەندەی ئاشتی کرد.

هەموویان گوتیان ئاشتی دۆزرایەوە. ئاشتی ون بووبوو.

مامۆستا ئارام بە زەردەخەنەوە گوتی: ئاشتی تەنها مرۆڤێک نییە کە وون ببێت و بدۆزرێتەوە. ئاشتی دۆخێکە گەورەتر لە مرۆڤ هەرچەند مرۆڤیش بەشێکە لێی. هەر وەک چۆن باران تەنها ئاو نییە. باران ئاوە لە کاتی جوڵەدا باران دۆخێکە،



ئەگەر کەسێک بڕوات له باران جامێک ئاو بهێنێت . بارانی نەهێناوە تەنها جامێک ئاوی هێناوە ،نەوەک باران. لەو کاتەدا بوو خوێندکارەکان زۆرتر هەستیان بە دەنگی بارانەکە دەکرد لە دەرەوە دەهات و ئەو دڵۆپانەشیان دەبینی کە بەرشووشەی پەنجەرەکە دەکەوتن.







## ( 2 )

## ( دەرگاکانی ئاشتی )

دەرگاکانی ئاشتی بە تەواوەتی دانەخراوون. رەشەبای توندوتیژی لێیەوە دێتە ژوورەوە (پێیان بە گەڵاکەندا دەنا و خشەی گەڵاکان دەنگێکی خۆشیان بەئاشتی دەبەخشی. باوکی شوێنی سمۆرەکانی لە قەد و لقی دارەکان بە ئاشتی پیشان دەدا.!

ئاشتی و باوکی و برا بچووکەکەی و دایکی لە ناو باخەکەیانەوە بۆ ناو خانووەکە گەڕانەوە کە سۆباکە دارەکانی دەسووتان دارە کڵپەگرتووەکان سۆبا رەشەکەیان سوور کردبوویەوە.!

چونکە دەرەوە سارد بوو گەرمای ژوورەوە زۆر خۆش بوو. ئاشتی دەمێک بوو بیری لەوە کردبوویەوە مرۆڤ گەلێ جار لەوە چێژ دەبات کە دەزانێت دونیایەکی جیاواز لەوەی ئەو هەیە. ئیتر چونکە دەرەوە سارد بوو هەنوکە ژوورە گەرمەکە زۆر خۆش بوو. ئاشتی بیری لە خانووەکەی ناو باخەکە کردەوە ئەگەر ئەم خانووە دروستنە کرایە ئێستا ئەوان ئەم شوینەگەورەیان لە ناو

ئەم سروشتە دا نەدەبوو.! ئاشتی گوتی: جیاوازی مرۆڤ لەوەدایە کە) داهێنەرە ( یان بڵێم ئەو شتە دروست دەکات کە لە سروشتدا نییە باوکی گوتی: بەڵام داهێنراوەکانی مرۆڤ تەنها شتە بینراوەکان نین. ئاشتی گوتی: داهێنانی شتی نەبینراو دەتوانیت بە نموونە روونی بکەیتەوە.

باوکی گوتی وەک حکومەت و زمان و پارە.ئاشتی گوتی: بەڵام ئەوانە هەموویان بینراون. لە حکومەتدا بیناکان و مرۆڤەکان کە لەوێ کار دەکەن. لە پارەشدا کاغەز بوونی هەیە. هەروەها بۆ زمانیش ئێمە گوێمان لە دەنگی یەکترە. باوکی گوتی: هیچ کام لەو شتە بەرهەستانە ئەوان نین. سەیرکە سەرەکیترین کەسی حکومەت سەرۆکە. پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا سەرۆکبوون لە جەستەی سەرۆکدا دیارە، یاخود سەرۆکبوونەکەی لە مێشکی ئەونیتردایە، کە دەزانن ئەوە سەرۆکە؟.

ئاشتی گوتی: زۆر بە چێژە. تێگەیشتم کەواتە بۆ هەر دوو ئەوانی دیکەش بە هەمان شێوەیە. واتە پارە تەنها کاغەز نییە، دەکرێت لەبری ئەو کاغەزە شتێکی تر بێت، بەڵکو پارەبوون لەو بەهایەدایە کە دراوە بە کاغەزەکە. هەروەها زمانیش تەنها دەنگەدەنگ نییە، بەڵکو ئەو مانا نەبینراوانەن کە ئێمە لە دەنگەکانەوە لێیان دەگەین!.



باوکی گوتی: ئەمە بۆ زۆر شتی تریش ئاوایە. خەڵکی وادەزانێت کە شتەکانیان بینراون بەڵام لە دەروونی ئێمەدا بوونیان هەیە. ئەوە جەستەکان نین پێکەوە شەڕ دەکەن. ئەوە بیر و بریارە نەبینراوەکانن بەرامبەر یەکتر دەبنەوە.

ئاشتی گوتی: ئەو بابەتە نەبینراوانە هێزیان هەیە !.

باوکی گوتی: بەڵکو بەهێزترن. زۆرجار بینراوەکە نامێنێت یاخود دەگۆڕدرێت کەچی ئەوان ماوون !.

ئاشتی گوتی: وایە، دەکرێت پارەکە بگۆڕدرێت ببێتە مادەیەکی تر کەچی بەهاکەی هەر وەک خۆی بمێنێتباوکی گوتی: ئەوسا سنوورەکانیان بە دیوار لە یەکتر جودا دەکردەوە. هەر چەند ئێستا لە زۆر شوێن دیوارە بینراوەکان نەماون، بەڵام سنوورەکان بە نەبینراوی هەر ماوون.! باوکی ئاشتی بینی کە لە خۆشی فێربوون چاوەکانی دەدرەوشانەوە دەموچاوی روون و لێوەکانی بووبوونە زەردەخەنە.!

باوکی گوتی: ئێمەی مرۆڤ لە نێوان قۆناغەکانی ژیانمان چەند سنووری نەبینراومان کێشاوە و بە هۆیانەوە گواستوومانەتەوە قۆناغێکی تر. ئەو سنوورانە ناهێڵن بەرەو دواوە بگەڕێینەوە!.

ئاشتی گوتی: دەتوانیت روونتری بکەیتەوە؟ باوکی گوتی: زاناکان دەڵێن، ئێمە لە قۆناغی پێشتری ژیانمان لەسەر گۆی زەوی!.

لەگەڵ یەک  شەڕ و هەرامان بوو، یەکترمان دەکوشت. بەڵام دواتر شتێکی  نەبینراومان داهێنا کە پێی دەووترێت (ڕەوشتی مەدەنی).
بەهۆیەوە فێربووین  بە گفتوگۆ چارەسەری  کێشەکانمان بکەین و بە ئاشتی پێکەوە بژین. ئاشتی پێکەنی و گوتی: ئاشتی  نەبینراو نەوەک من.! باوکە ئایا بابەتە نەبینراوەکان نامرن؟.

باوکی گوتی: کچەکەم  بە  داخەوە گەڵێ  لەوان  دەمرن.  دەبێت هەمیشە  مرۆڤەکان خەریکی کارکردن بن تیایاندا ئەگینا  نامێنن.!
ئاشتی گوتی: تێگەیشتم.  واتە  ئاشتی  لە  خۆوە  نابێت  ئەگەر دەستمان پێوەی نەبێت

بایەکی توند دەرگاکەی کردەوە، خەریک بوو سۆباکە بکوژێنێتەوە.
باوکی بە خێرایی هەڵسایەوە و دەرگاکەی قەپات کرد و  و گوتی:
ئەگەر دەرگا  نەبینراوەکان بە تەواوەتی دانەخەین  ئەوا  با نەبینراوەکانی قۆناغی پشووتر دەیانکەنەوە و  ماڵی گەرمی پڕ  لە ئاشتیمان  تێک دەدەن.! هەردووکیان بە دەنگی  بەرز پێکەنین  و دایکی کە لە  چێشتخانەکە  بوو،  بانگی  کرد  ئەوە  بە  چی پێدەکەنن؟ ئاشتی گوتی:  پێکەنین  تەنها دەنگ نییە لە دەرەوە، بەڵکو تێگەیشتنێکی نەبینراوە  لە ناو  عەقڵی مرۆڤدا.
ئەم جارە ئاشتی و  باوکی  دایانەوە لە قاقای  پێکەنین..







( 3 )

## درەختەکانی باخی کۆمەڵگە

رۆڤار هاواری لە کاکە لاوە کرد کە بە پاسکیلەکەی لەم دووورکەوتبوویەوە، دەکرێت لە قەراغی ڕێگە لابدەین، چونکە زۆر ماندووم، هەموو گیانم عارەقەی کردووە، هەناسەم دەرنایەت!. دەمەوێت بەردەوام بین، بەڵام ناتوانم. ئەوە بیست خولەکە لەم ڕێگەدا پاسکیل لێدەخورین.

کاکە لاوە دەستەکانی وەرسووران و پاسکیلەکەی بۆ لای رۆڤار ئاژووی. جارێکی تر رۆڤار گوتی: دەمەوێت بەردەوام بین بەڵام ناتوانم !.کاکە لاوە گوتی: گەلێ جارجەستەش بەجیا لە عەقڵ گوتنی هەیە. دەزانیت زۆر جار بووە نەتویستووە پێبکەنیت بەڵام پێکەنیویت.!

رۆڤار سەیری دارسنۆبەرەکانی کرد کە بە قەدپاڵی شاخەکەی بەرامبەریانەوە چین چین سەوزبووبوون ژمارەیان گەلێ زۆربوو، بەڵام یەک جۆر بوون. گوتی باخی سنەوبەرەکان زۆر گەورەیە !.

کاکە لاوەش کە سەیری باخەکانی شێوەکەی بەردەمیانی دەکرد، گوتی: ئەوە دارستانە و باخ نییە!. ئەو باخانەی خوارەوە باخن، سەیرکە هەموو جۆرێک داریان تێدایە!.

پاشان هەناسەیەکی پاکی پڕ لە سییەکانی هەڵمژی و درێژەی دایە: باخەکان بە هەمەجۆری درەختەکانن، نەوەک بە زۆری ژمارەی دارەکان! ژینگەی تەندروست ئەوەیە ڕێگە بە بوونی هەموو جۆرە دارێک بدات کە بکرێت ببێت. واتەباخ بوون چۆنێتییە، نەوەک چەندێتی!.

کاکە لاوە گوتی: کۆمەڵگەی تەندروستیش بەهەمان شێوەیە. بە زۆری ژمارەی دانیشتوانی نییە، بەڵکو ڕێگەدانە بە بوونی هەمەجۆری مرۆڤەکان.

ڕۆڤار گوتی: واتە کۆمەڵگەدروستی بابەتێکی چۆنێتییە نەوەک چەندێتی. بەهای بابەتە چۆنێتییەکانیش لە زۆری ژمارە یاندا نییە!. کاکە لاوە بەردەوام بوو: هەربۆیە نابێت هیچ کەس لەبەر جیاوازی ئایینی یاخود ڕەگەزی یان زمانی یاخود ڕەنگی پێستی بچەوسێتەوە. ئەمانە درەختە هەمە جۆرەکانی باخی کۆمەڵگەن!.

دەزانیت ئێمەی مرۆڤ بە جیاوازبوونمان لەوانی تر خۆمان دەناسین. لە بیرتە پەندەکە دەڵێت ئەوەی تەنها لەندەنی بینیوە لەندەنی نەبینیوە. بۆ ئەوەی لەندەن ببینێت دەبێت شاری



دیکەشت ببینیێت. ڕۆڤار گوتی: ئەوەی یەک کتێب دەخوێنێتەوە کتێبی نەخوێندووەتەوە. کاکە لاوە بە گوتەکەی ڕۆڤار پێکەنی، چونکە خۆی ئەم گوتەیەی بە ڕۆڤار گوتبوو.

ڕۆڤار پرسی: چۆن دەتوانرێت ڕێگری لە نەهێشتنی هەمە جۆری و یەک دەستکردنی خەڵکی بگیرێت؟.

کاکە لاوە گوتی : لەمەدا جیاوازی لە نێوان باخی درەختەکان و مرۆڤدا هەیە!. درەختەکان دەبردرێنەوە بەڵام ئەوان نازانن کە دەبردرێنەوە. بەڵام مرۆڤ ئاگایە بەرامبەر ئەو توندوتیژیانەی بەرامبەری دەکرێن!. کە باسی توندوتیژی و تێکدانی باخی ژینگەیە، تەنانەت بەرامبەرئاژەڵەکانیش لەوانەیە تێگەیشتنی گران نەبێت، بەڵام کە دێتە سەر مرۆڤ ئیتر بابەتەکە ئاڵۆزتر دەبێت !.

ڕۆڤار گوتی: هەر لێرەوەیە کوشتنی مرۆڤێک وەک بڕینەوەی دارێک نییە. ناکرێت مرۆڤێک سەر ببڕین، بەڵام مریشکێک سەر دەبڕین. بەمە سەرم سوور دەمێنێت، ئەگەر ئەوە توندوتیژی نییە ئەی چییە؟.

کاکە لاوە گوتی: ئەوە مانا فراوانەکەی توندوتیژییە واتە ئازار گەیاندن بەهەر خاوەن ئازارێک کە هەستی ئازاری هەبێت!.

ڕۆڤار گوتی: تێرامان بە چێژە، ئاخر ئازار و هەستکردن بە ئازار

ڕۆڤار گوتی: پێناخۆشی هـەر شتێک کە پێخۆشبوونی هەبێت.
بەڵام ئەی مانا تایبەتەکەی توندوتیژی چییە؟ کاکە لاوە گوتی:
مانا تایبەتەکەی توندوتیژی هەر ئەوەیە کە دەبێت ئەو بنەمایە
ڕەچاو بکرێت، مەگەر بەڵگەیەک هەبێت ڕێگە بدات لێی لابدەیت.
ڕۆڤار گوتی: ئاخر چ جۆرە بەڵگەیەک ؟.
کاکە لاوە گوتی: بەڵگەی عەقڵی یان بەڵگەی ئەخلاقی یاخود
بەڵگەی یاسایی.! ڕۆڤار گوتی: تێگەیشتم. بۆیە بابەتێکی وەک
تیندوتیژی دەبێت لێی تێبگەیت نەوەک بیزانی. کاکە لاوە: هەر
لەبەرئەوەیە دایک و باوک کاتێک پێچەوانەی پێخۆشبوونەکانی
منداڵەکانیان دەجوڵێنەوە ئەوە توندوتیژی نییە.!
ڕۆڤار گوتی: یاخود کاتێک ئازار بە مرۆڤ دەگەیەنرێت کە
نەشتەرگەری دەکرێت. کاکە لاوە گوتی: ڕێگەپێدانی ئەخلاقیش
وەک ئەو توندوتیژیانەی مرۆڤ بەرامبەر بەخۆی ئەنجامی دەدات
لەبەرخاتری هێنانەدی بەها ئەخلاقییەکانی وەک (عەدالەت). لە
نەخواردنی خواردنەوە تا چوونە زیندان و خۆ بەکوشتدان.
ڕۆڤار گوتی: بەڵگە یاساییەکانیش وەک ئەو توندوتیژیانەی لە
وەرزشە ڕێگەپێدراوەکاندا دروست دەبن. وەک بریندارى یاریچییە
لە کاتی یارییەکەیدا. ڕۆڤار سەری هەڵبڕی لای ئەوان بووبوو بە
سێبەر و تیشکی خۆر تەنها لە لوتکەی شاخەکەدا هەبوو.



تیشکە بەجیماوەکانی خۆرەکە ئاسمانیان سوورکردبوو و زۆر جوان بوون.گوتی: چێژی حەقیقەتزانی و جوانی نابڕێتەوە!

کاکە لاوی گوتی: چاکەش لە گەڵ ئەودوانەیە. بۆیە کاتێک دژ هاتنەوە یەکێکیانان پێش ئەویتریان دەکەوێت. ئەگەر یاسا پێچەوانەی ئەخلاق بوو ئەوا ئەخلاق پێش دەکەوێت! کاکە لاوە: گوتی ئەوە هەر ئەو کارە بوو کە (غاندی) لە هیندستان و (مارتین لۆسەر کینگ) لە ئەمریکا کردیان، یاسایان شکاند و چوونە زیندانەوە لەبەرئەوەی ئەرک و بەرپرسیارێتی ئەخلاق قەبوڵ بکەن و دژی ستەم بینەوە.. تەنانەت (سۆکرات) ئامادە بوو ژەهر بخواتەوە.

ڕۆڤار: لە بابەتەکە تێگەیشت چونکە ژیانی هەرسێکیانی لەگەڵ کاکە لاوە پێکەوە خوێندبوووەوە. ڕۆڤار چووبووە ناو خەیاڵەوە گوتی: بەڵام گەلێ جار هەرگیز ئەوەی پێشووت لە کۆڵ نابێتەوە، دەبێت هەر لە سەرەتاوە بەو شێوەیە کار بکرێت چونکە لە کۆتاییدا ڕاست نابێتەوە. گوتی: چێژی حەقیقەتزانی و جوانی نابڕێتەوە.

کاکە لاوە گوتی: ڕۆڤار! تێناگەم مەبەستت چییە؟ ڕۆڤار گوتی : هەڵو توندوتیژییەکانی لەوەو پێش ناسردرێنەوە.

کاکە لاوە گوتی: چۆن؟



ڕۆڤار گوتی: وەک ئەوەی شتێک هەیە لەوەو پێش بینیووتە دەتەوێت لە بیر خۆتی بەریتەوە بەڵام ناتوانیت!.

کاکە لاوە گوتی: ئەمەیە مانای ئەوەی رابردوومان لە رابردوو نییە بەڵکو ئێستا لەناو ئێمەدایە. ڕۆڤار گوتی: هەر بۆیە دادە خاوەری دراوسێمان ئێستاش هەموو شەوێک جێگەی مناڵە ئەنفالکراوەکانی بۆ خەوتن رادەخات، چونکە هێشتا ئەوانی لەبەرچاوە. ڕۆڤار بیری کەوتەوە کە هەر لەبەرئەوەیە ئەم دەیویست خواردن بە پشیلەکان بدات بەڵام ئەوان چڕنوکیان لێگرت و دەستی خوێناوی بوو. چونکە پێشتر ئازاریان دابوون.

کاکە لاوە گوتی: توندوتیژی تەنها ئازارێک نییە لەو کاتەدا بە کەسەکە دەگات!.

ڕۆڤار گوتی: ئەمە سەبارەت بە کەسی توندوتیژکەریش هەروایە. وەک خواردنێکی ناتەندروست ئێستا دەیخۆیت و چێژی لێ دەبەیت بەڵام دواتر ئازارت پێدەگات! کاکە لاوە هەڵیدایێ: هەر بۆیە ئازارگەیاندن بەوانی تر ناچێتە ژێر دادوەری عەقڵەوە کە پێمان دەڵێت خراپە بەڵکو دەشچێتە بەردادوەری ویژدانیشەوە. کاکە لاوە گوتی: لەوانەیە ئەمە بێت جیاوازی ئازار و شەرمکردن. ڕۆڤار گوتی: دەتوانیت بابەتەکە ڕوونتر بکەیتەوە.

کاکە لاوە گوتی: ئازار ئەو کاتە هەستی پێدەکەیت کە هەیە.

بەڵام شەرم لەو کارانە شەرم دەکەیت کە لەرابردوودا ئەنجامتداون لەسەر زەوی لەبەردەم ئەماندا سێبەری شاخەکە خەریکی بزوان بوو و بەرەبەرە بەرەو بانتر دەهات. ئەوەش مانای ئەوە بوو لەسەرەوەش لە ئاسمان خۆر خەریک بوو ئاودیو دەبوو.

بۆ چەند ساتێک هەردووکیان بێدەنگ مان. پاشان ڕۆڤار سەیری خۆرەکەی کرد کە بە تەواوی چوو بووە ئەو دیو شاخەکە و دەستی بۆ برا گەورەکەی هەڵبڕی و ئەویش هەمان کاری کرد، دەستییان بەریەک کەوت. ئینجا ڕۆڤار گوتەکەی براکەی گوتەوە کە هەر کات پێکەوە تێرامانیان دەکرد دەیلێن) : باوەری بە راستەقینەیی حەقیقەتە نزیکەکانی لای خۆت مەکە، چونکە لەوانەیە ئەوانە تەنها سێبەری حەقیقەتە دوورەکان بن. لەوێ لە ئاسمان) ئیتر هەردووکیان پێکەنین و سواری پاسکیلەکانیان بوون و بۆ ماڵەوە گەڕانەوە.







(٤)

## کۆشکی میانەڕەوی پایەی هەیە)

مامۆستا درەنگ کەوت. ئەوا پێنج خولەکە مامۆستا نەهاتووەتە ژوورەوە. خوێندکاران گفتوکۆیان دەربارەی گفتوگۆی ئەمرۆ کرد، ژیار گوتی: ئێمە بابەتی تێڕامانی ئەمڕۆ دەزانین و مامۆستاش دواکەوتووە. با خۆمان دەست پێ بکەین.! ئەگەر بناغەی وانەکەمان بریتی بێت لەوەی کە شتی ئامادە وەرنەگرین، ئەوا پێویستمان بە مامۆستا نییە تا بابەتی لێ وەربگرین.! ئاڤان کە لەسەر ئەو بنەمایەی کە شوێنی گفتوگۆ بازنەییە تەنانەت ئەگەر شێوازی شوێنەکەش بە جۆرێکی دیکە بێت لە کورسی دواوە وەک هەموو جار دانیشتبوو. دەنگی ئەو وای کرد کە خوێندکارەکانی پێش خۆی بۆ لای ئەو روویان وەربگێڕ.! ئاڤان گوتی: مامۆستا لەم وانەیەدا هیچ رایەکی خۆی ناسەپێنێت. لە بیرتانە دەیگوت من لەگەڵ ئێوە وەک سۆکرات ( وام لە ناو شاری ئەسینا ) کە ئەیگووت: من وەک



مامان وام کە یارمەتیتان دەدەم خۆتان مناڵەکەتان ببێت. من هیچ کارێکی دیکەم لە دەست نایەت.

ئاڤان قەڵەمەکەی دەستی دەبزوان کاتێ قسەی دەکرد (وەک ئەوەی بە قەڵەم قسە بکات نەوەک بە دەمی)، بەردەوام بوو: سۆکرات ( گوتی من وەک ) مێش ( وام، بە هاتن ورۆشتن و دەنگەدەنگم ناچار بە ئاگاداربوونەوەتان دەکەم بۆ ئەوەی وریا بن.

ژوان گوتی: مامۆستا باخەوانە یارمەتی درەختەکان دەدات بۆ ئەوەی گەشە بکەن و خۆیان بەر بدەن. هەرچەند ئەو ئەوانی خۆش دەوێت بەڵام ئەو تەنها دۆستە و دۆست هاوکارە و جێگەی کەسەکە خۆی ناگرێتەو. خوێندکارەکان کە مامۆستایان بینی، بێ ئەوەی خۆیان بیانەوێت لەبەری هەڵسانەوە.

ژینە پێش هاورێکانی کەوت و گوتی ) میانەڕەوی لە بیرکردنەوە دا. مامۆستا ئارام سەیری ژینەی کرد و ژینە بە ئارامی بە مامۆستای گوت: مامۆستا دەتوانی بە نمونە روونی بکەیتەوە؟ چونکە من تێنەگەیشتم مەبەست لەو وشەیە چییە؟ مامۆستا رووی کردە خوێندکارەکان و پێی گوتن: دەزانن بابەتی ئەمرۆمان چی بوو.؟ رەیان گوتی: پێش ئەوەی تێڕامان لە بابەتەکە بکەین، چونکە یەکێک لە بنەماکانی گفتوگۆی تێرامانانە بریتییە ( لە هاوسۆزی) بۆیە دەپرسم: مامۆستا بۆچی درەنگ گەیشتیت؟



ڕووبار گوتی: زۆر بەجێیە لەگەڵ باوکم گفتوگۆی میانەڕەویمان دەکرد: باوکم دەیووت یەکێک لە پایەکانی میانەڕەوی بریتییە لەوەی هەست و سۆزەکانت لە جێی خۆیان بەکار بهێنیت !

ژینە گوتی: دەتوانی ڕوونی بکەیتەوە.؟ ڕووبار گوتی: بۆ نموونە هەست و سۆزی حەزکردن لە خواردن. دەبێت مرۆڤ نەئەوەندە زێدەڕەوی بکات لە سەرووی پێویستییەوە و نە ئەوەندەش کەم بخوات کە پێویستییەکانی جەستەی دابین نەبن. ڕەیان گوتی: ئاخر ئەوە پەیوەندی بە پێویستییەوە هەیە نەک زێدەڕەوی و میانەڕەوی.

ڕووبار وەستا و پاشان وتی: من ئەوەم لەگەڵ باوکم گفتوگۆکرد. گوتم: دەتوانی بە نموونەی دیکە ڕوونی بکەیتەوە. ئەوجا باوکم گوتی: نموونەی دیکە ترسنۆکیی و ئازایەتییە. کە مرۆڤی میانەڕەو ئەوە نییە لەوشتەی ترسناکە نەترسێت. ئەویش وەک هەموو کەسێک هەستی ترسی هەیە، بەڵام جیاوازی ئەو ئەوەیە کە ترسناکییەکە وای لێ ناکات بڕیاری نادروست بدات. واتە نە کەمتەرخەمی بکات لەوەی بێ تیرامان هەڵمەت بەرێت. هەروەها نە واش بێت کە بێ بیرکردنەوە هەڵبێت. ژینۆ کە خوێندکاران بە شیکارە وردەکانی دەیانناسی: گوتی: بەڵام پێوەر چییە کە تۆ ناوەندت گرتووە؟ .

ڕووبار گوتی: (عەقڵ). لەبەرئەوەی هەر شتێکی تر بکەیتە پێوەر هەر دەبێت بە عەقڵ بیر لەو پێوەرەش بکەیتەوە!.

مامۆستا ئارام گوتی ئەوە بۆچوونی ئەرستۆیە دەربارەی میانەڕەوی.







## (٥)

## (دەریای فراوانی باوەڕەکانی ئێمە)

گۆڤار گوتی: مامۆستا نەتگوت بۆچی درەنگ کەوتی؟ مامۆستا ئارام گوتی ئاخر دایکێک و دوو توولە سەگ لەسەر شەقامەکە کەوتبوون ڕێگەیان گرتبوو ڕێگەیان نەدەدا ئۆتۆمبێلەکان تێپەڕن ژینۆ گوتی ئەی بۆ دەریان نەکردن یاخود خۆیان بەدەنگەدەنگەی کە دروست بووبوو نەدەڕۆشتن؟

مامۆستا ئارام گوتی: ئاخر دایکەکەیان لە هەرکەسێک دەوەڕی کە نزیک دەبوویەوە و بەرگری لە بێچووەکانی دەکرد. هەروەها بۆخۆشیان نەدەڕۆشتن چونکە سەگەکان باوەڕیان نەبوو کاری ئەوانی تریان تێکداوە. ڕەیان گوتی: واتە ئەوان تێنەدەگشتن.! ژینۆ گوتی: واتە نەڕۆشتنیان پەیوەندی بە باوەڕەکانییانەوە هەبووئاشتی تا ئەو کاتەش بێدەنگ بوو گوتی: ئێمەی مرۆڤ باوەرە پێگەیشتووەکانمان زۆر کارمان بۆ دەکەن. مامۆستا ئارام گوتی بەڵێ کارەکانی ئێمە پشت باوەڕەکانمان دەبەستن.

باوەڕەکانی ئێمە گەلێ زۆرن. لەسەر بنەمای ئەو باوەڕانە خۆمان و جیهان دەناسین. پاشان مامۆستا ئارام رووی بەرەو دیوارەکە وەرگیرا و گوتی: چونکە من باوەڕم ئەوەیە ئەوە دیوارەو بەڵگەم هەیە لەسەر ئەوەی کە مادەیە و ناهێڵێت من لێیەوە تێپەڕم ئیتر نامەوێت بەناویدا بچم.!

رەوا گوتی: ئەگەر مرۆڤ باوەرە راستەقینەکانی دەربارەی دەوروبەری لە دەست بدات دەروون دروستی لە دەست دەدات .ئیترناتوانێت ژیانی خۆی رێکبخات.!

رووبار گوتی: وەک سەگەکان کە باوەڕیان وابوو ئەوە دۆخی ئاساییە کە ئەوان لەسەر شەقامەکە بن و رێ لە مرۆڤەکان بگرن ئەوان باوەڕییان نەبوو کە ئەو دۆخەی ئەوان سەخڵەتییان بۆ دروست دەکات. ئاشتی گوتی: دەتوانین بڵێین باوەڕەکانی ئەوان میانەرەوانە نین، چونکە تەنها خواکردن و لە بیرکرنەوەوە نەهاتوون. بەڵگەیان بۆ باوەڕەکانیان نییە.

رووبار گوتی: باوەڕەکان دەبێت لەسەرچاوەکانی زانینەوە بێن.

ژینۆ گوتی: دەتوانیت بە نمونە روونی بکەیتەوە.

رووبار گوتی: نمونەکەی مامۆستا، چونکە ئێمە ئەزمونمان کردووە بە هەستەکانمان تاقی دەکەینەوە کە دیوار ناهێڵێت بە ناویدا برۆین ئیتر هەوڵی رۆشتن بە ناو دیواردا نارۆین.



ڕەیان گوتی: هەر بۆیە کاتێک مرۆڤ باوەڕەکانی بە بەڵگەوە ناکاتە کردار ئیتر لە میانەڕەوی لا دەدات و توندوتیژی دەکات.

ئاشتی گوتی: وەک ئەوە وایە هەر بە زۆر بیەوێت بە ناو دیواردا تێپەڕێت.!

مامۆستا ئارام گوتی: بەڵام ئێمەی مرۆڤ کردار و گوتارەکانمان تەنها لە باوەڕەکانمانەوە نایەن. چونکە هەست و سۆزەکانیشمان بۆ نموونە پێ خۆش بوون و پێناخۆش بوون و هیواداری و ترسان و هتد .. ئەوانیش کاریگەرییان هەیە.

ڕووبار گوتی: بەڵام ئەوانە بەڵگەی دەرەکییان نییە. ئەوانە لە ناو ئێمەدان، ئەوان تەنها هۆکارییان هەیە یاخود بابەتییان هەیە. شتێک من تووڕە دەکات. یاخود هیوام بە شتێک هەیە.

ژینۆ گوتی: ئەوانە هۆکاری توندوتیژین چونکە پێوەرێکیان نییە.

ڕووبار گوتی: ئەوانیش پێوەرییان هەیە. مامۆستا گوتی: هەر بۆیە هەموو شۆفێرەکان ڕێگرییان لەو شۆفێرە کرد کە دەیویست توندوتیژی بە رامبەر سەگەکان بنوێنێت و لێیان تورە بو. ڕەیان: گوتی چونکە تووڕە بوونەکەی بۆ ئەو دۆخە گونجاو نەبوو بۆیە زانیان کارەکەی هەڵەیە.

ژینۆ گوتی: کەواتە پێوەری هەستەکان (گونجاوی)یە . کە دەبێت ئەو هەستە بەکاربهێنیت کە دۆخەکە دەیخوازێت!.



ناکرێت لە کاتی خوێندنەوەی چیرۆکی پێکێنیندا غەمبار بی. ژینۆش بە جەستەی خۆی وەک غەمبار پیشان دا.! هەموویان بە دۆخەکەی ژینۆ پێکەنین. ڕەیان گوتی: کەواتە میانەڕەوی هەست و سۆزەکان گونجاوییانە. هەموویان چوو بوونە ناو گفتوگۆکەوە کاتیان لە بیر چوو بوو.

مامۆستا سەیری کاتژمێرە گەورەکی دیوارەکەی کرد و گوتی : لەبیرتان بێت ویستیش بەشی سێیەمی دەروونی ئێمەیە.

ڕووبار گوتی ئەگەر تێرامانانە بیر لە ( ویست ) بکەینەوە پێناسەی چییە؟ ماۆستا گوتی: توانای هەڵبژاردن .

ژینۆ گوتی: ئەو توانایەی ئێمەی مرۆڤ هەمانە و ئاژەڵەکانی دیکە وەک سەگەکان نیانە.!

ڕووبار گوتی: هەر لێرەوە بەرپرسیارێتی ڕوو لە ئێمە دەکات بەڵام سەگەکان نا .! ژینۆ گوتی : هەربۆیە سەگەکان دادگایی ناکرێن و ناخرێنە زیندانەوە. کاتێک مامۆستا ئارامیان دواخستبوو. چاوی بڕییە مامۆستا ئارام کاتێک ئەم گوتەیەی کۆتایی دەربڕی! .مامۆستا گوتی: دەی کەواتە میانەرەوی لە ویستەکانی ئێمەدا چییە.

هەر هەموویان بێدەنگ بوون و ڕووباریش لە دڵی خۆیدا دەیگوت: لە بیرم چوو ئەو بابەتە لەگەڵ باوکم گفتوگۆ بکەم!.




ئارامییەکی چالاکانە هەمووانی گرت بوو لە پڕ ئاشتی بێدەنگی شکاندو ووتی: توانای هەڵبژاردن پەیوەندی بە توانای ئێمەوە هەیە.

ڕەیان گوتی: دەبێت ویستی کارێک یاخود گوتارێک بکەین کە بتوانین ئەنجامی بدەین!.

ژینۆ گوتی ئەگەر مامۆستا ئارام بیتوانیایە باڵی دەگرتەوە بە فڕین دەهات بۆ قوتابخانە بۆ ئەوەی دوانەکەوێت!.

مامۆستا ئارام بە پێکەننەوە گوتی: ژینۆش دەیتوانی ئەو گوتەیە نەڵێت بەڵام گوتی!.

مامۆستا بەردەوام بوو: کەواتە پێوەری میانەڕەوی ویستن توانینە نابێت ئەو شتەمان بوێت کە نایتوانین ئەوجا زۆر بە وردیی و نزمکردنەوەی دەنگی گوتی: ( ئەو گوتە و کردارانە میانەرەوانە نین کە دەمانەوێن بەڵام ناتوانین ئەنجامیان بدەین!) هەر کە مامۆستا گوتەکەی تەواوکرد ئیدی کاتژمێرەکە چرک چرک کاتی کۆتایی هاتنی وانەکەی ڕاگەیاند.

## (٦)

## سەرکەوتن بۆ بەرزایی

هێشتا   لە دەرەوە دونیا   بە تەواوەتی  ڕوون نەبووبوویەوە کە مامۆستا  ئارام  تەقەی  لە دەرگاکەی مینای  کچی دا، بۆ ئەوەی بە خەبەری بهێنێت   و   خۆیان بۆ  چوونە دەرەوە  ئامادە بکەن.
بەڵام   مینا   پێش ئەو کاتە هەر خۆی  بە ئاگا هاتبوو. ئاخر ئەو ئەوە  یەکەم هەینی بوو  کە بەیانی   زوو   لەگەڵ باوکی  بەرەو شاخەکە بڕوات . هەر چەند دەمێک بوو باوکی  هەموو   هەینییەک ئەو کارەی ئەنجام  دەدا.  مینا  ئێوارەی ڕۆژی  پێشوو  لەگەڵ باوکی  چوو بۆ بازاڕ هەموو پێویستییەکانی  شاخەوانی  کڕی!
هەرکە   باوکی چووە ژوورەوە خێرا مینا لە جێگەی  نووستنەکەی ڕاستبووەوە   و باوکی بەیانی باشی  لێکرد و لە ژوورەکەی  چووە دەرەوە   تا   خۆی   ئامادە بکات.!
مینا و باوکی   هەر بە پێ   لە ماڵەوە  دەرچوون. هێشتا  هەواکە سارد  بوو  مینا  هەستی  دەکرد   قژەکانی   کە لە ژێر کڵاوەکی



هاتبوونە دەرەوە دەبزوان و پێستی دەکزایەوە. بەڵام ئەوەی پێناخۆش نەبوو، ئەو دارەکەی بە دەستەوە گرتبوو و چونکە شاخەکە نزیک ماڵەکەیان بوو بەرەو ئەوێ چالاکانە لە ئاستی باوکیدا هەنگاوی دەنا. هەرکە لە خانووەکان تێپەڕین و ڕێگە باریکەکەیان بەرەو شاخەکە گرتە بەر هەندێ سەگیان بینی دوای ئەوەی حەپەحەپ لەمان وەڕین ڕێگەکەیان بەجێهێڵا و دوور کەوتنەوە.

مامۆستا ئارام بە مینای گوت مرۆڤەکان ترساندوویانن بۆیە هەڵدێن!. کاتێک سەگەکان دەرۆشتن مینا ئەو دانەیانی بینی کە نیوەی دواوەی لە ناو دوو تایەدا بوو و دوو قاچی پێشووی دوو تایەکەیان ڕا دەکێشا.

مینا گوتی: وەک ئەسپ و عەرەبانەی لێهاتووە ( کاتێک ئەمەی گوت هەناسەکانی توند تر بووبوون) دەیەویست بە باوکیدا بگاتەوە و باوکی هەنگاوەکانی خێراتر کردبوون.! هەردووکیان کاتێک لە سەگەکەیان دەڕوانی ئەو ڕۆژەیان هاتەوە بەرچاو کە ئۆتۆمبێلەکە بە خێرایی لێی دا و قوروسکە قورسکی سەگەکە لەگەڵ دەنگی بەرزی توندئاژووینی ئۆتۆمبێلەکە تێکەڵ بوون ئۆتۆمبێلەکە بە خێرایی تێپەڕی و سەگەکەی لە ناو ئازار و خوێندا بەجێهێشت.!



مامۆستا ئارام لە کاتێکدا بە هۆی ساردی هەواکە وشەکانی دەبوونە هەڵم و لە دەمییەوە دەهاتنە دەرەوە لە ناو بۆشاییدا هەڵمەکە نووسی: توندوتیژی خراپە. هەر ئەو وشانەش لەو هەوا ساردەدا بوونە دەنگ و چوونە گوێی میناوە.

مینا گوتی باوکە توندوتیژی چییە ؟

باوکی گوتی توندوتیژی هەر کارێ یان ئاماژەیەکی جەستەیە کە بێ بەڵگەیەک بەرامبەر هەر مەخلوقێک ئەنجام بدرێت کە هوشیاری هەیە .

مینا گوتی: گوتی هوشیاری چییە؟

باوکی گوتی: دەکرێت دوو مانا بۆ هوشیاری بهێنین، مانایەکی فراوان و مانایەکی بەرتەسکهوشیاری بە مانا بەرفراوانەکەی هەموو گیاندارێک هەیەتی تەنانەت کرمێکیش کە تەنها ئەو خاکە دەبینێت لەبەردەمیدایە و دەیخوات.!

مینا هەنگاوەکانی خێراتر کرد تا بتوانێت بە باوکیدا بگات، گوتی: باوکە واتە ئاگابوون بەو کارەی ئەنجامی دەدات. واتە ئەو کرمە تەنها جەستە نییە بەڵکو ئەو ئاگاییەشە وا دەکات کە خاکەکە بخوات. باوکی بەرامبەر گوتەکەی مینا بێدەنگ بوو. گوتی: مانا بەرتەسکەکەی ئاگاییش کە تەنها کارکردن نییە وەک کرمەکە بەڵکو ڕوانینیشە!. ئۆنامۆنۆ فەیلەسوفی ناسراوی ئەسپانی ..!

دەڵێت، وەک مشەخۆر مەبن کە تەنها دەخوات و هەر بەردەمی خۆی دەبینێت.!

مینا گوتی: بە نمونە بۆم باس دەکەی تا وێنای بکەم.

مامۆستا ئارام گوتی: وەک میکرۆبێک کە لە ناو ریخۆڵەی ئێمەدا بوونی هەیە تەنها خەریکی خواردنە و ناتوانێت بۆ دوور بروانێت ئەو تەنها کار دەکات و نابینێت. ئەو وەک ئێمەی مرۆڤ نییە کە هەم کار دەکەین و هەمیش دەبینین. بە هۆی ئەوەی ئێمە دەبینین و بیردەکەینەوە جیاوازین لە ئاژەڵان. ئێمە خۆمان دەبینین و ئەو ئازارەش دەبینینن و بیری لێ دەکەینەوە کە تووشمان دەبێت .!

مامۆستا لە کاتێکدا وەڵامی سڵاوی ئەو گروپە شاخەوانەی دایەوە کە لە شاخ دەگەڕانەوە دیاربوو ئەوان زۆر زووتر چووبن بۆیە ئێستا دەهاتنەوە. گوتی: بۆ نمونە ئێمەی مرۆڤ کە تەنها ناجوڵێین بۆ دووریش دەڕوانین.هەردووکیان سەریان بۆ لوتکەی شاخەکە هەڵبڕی کە ڕێگەکە وەک مارێکی باریک تا دوا خاڵی شاخەکە پێچاوپێچ پێیدا کشابوو.خەڵکی وەک ئەمان هەندێکیان سەردەکەوتن و هەندێکیان دادەگەڕان. ڕوانین وا دەکات ئێمە لە جەستەمان دووربکەوینەوە، تەنانەت ئاگاداری جەستەشمان بین کاتێک بیردەکەینەوە .!



مامۆستا بۆ ماوەیەک بە دیار میناوە وەستا تا پێی بگاتەوە ئینجا گوتی: ئاگادار دەبین بە هەستە ئاگادارەکانمان. ئەگەر ئەندامەکانمان کە ئازاریان هەیە، ئەوە ئاگاییەک بێت ئەوا ئێمە ئاگادارین بەوەی کە ئاگایی ئازارمان هەیە.!

مینا بانگی کرد: باوکە ئەوە تۆ ماندوونابی.؟

باوکی لای بەلای میناوە کردەوە کە لە دوایەوە هەناسەی توند بوو و شوێنی کەوتبوو. ئێستا بە تەواوەتی رۆژ بووبوویەوە و لە سەر شاریش زەردایی خۆرکەوتن دەرکەوتبوو کە لە خواریانەوە بوو و جادە و بیناکانی لە ژێر تیشکەکەدا دەدرەوشانەوە.

مامۆستا ئارام دەستەکانی هەڵبری و بە کچەکەی گوت: سەیرکە شار هێشتا خەوتووە ئێمە پێش ئەو کەوتووین کە تا ئێرە هاتووین . بەڵام شارەکەمان بە خەوتوویش زۆر جوانە سەیریکە! چۆن رووناکی ئەم بەیانییەی بەخۆیدا داوە.

مینا گوتی: باوکە مرۆڤەکان بۆچی توندوتیژی دەکەن؟ مامۆستا ئارام: لەبەرئەوەی کە یان نەخۆشن. یاخود خواستەکانیان زاڵ دەکەن بەسەر پێویستییەکانیاندا مینا گوتی: زانیم کە نەخۆشی هەندێ کاری نەویستانە بە مرۆڤ ئەنجام دەدات. پاشان سەیری ئاسمانی شینی کردو گوتی: نەخۆشەکان دەبێت چارەسەر بکرێن. بەڵام ئەی زاڵ بوونی خواستەکان بەسەر پێویستییەکاندا چییە.؟



مامۆستا ئارام گوتی: مرۆڤ هەمیشە هەست بە خواستەکانی دەکات، هەستکردن بە خواستەکان و خواستەکان یەک شتن دەتونین ئەمە ناو بنێین حەز.

مینا گوتی باوکە دەتوانیت بە نمونەیەک روونتری بکەیتەوە بەڵام زێتر دوور نەکەویتەوە تا باش گوێم لێ بێت ( مینا لە گوتنی ئەم گوتەیەی مەبەستی ئەوە بوو کە باوکی بووەستێت تا پێیدا بگاتەوە، ئەو هەستی دەکرد زۆر هەناسەی توندەو قاچەکانی شەکەتن و ناتوانێت هەڵیان برێت و بە باوکیدا بگاتەوە). مامۆستا ئارام بە مینای گوت: دەزانم زۆر شەکەتی!. ئەوە چونکە یەکەم جارتە.! هەر زوو پێم گوتی وەرە لەگەڵم بۆ وەرزش و هەڵمژینی هەوای پاک و تێکەڵی لەگەڵ سروشت بەڵام بە گوێت نەدەکردم.!

میناش دەیویست لە رەخنەکانی ناوکی رزگاری بێت و هەلیش بقۆزێتەوە تا بۆ لای ئەو سەرکەوێت گوتی: تۆ جارێ وەڵامی پرسیارەکەت نەدامەوە.

مامۆستا ئارام پێکەنی و گوتی: منالّ کاتێک هەر یارییەک دەبینێت دەیەوێت بۆی دابین بکەن، ئەو خواستی لەسەر ئەوە هەیە. بەڵام دایک و باوکی لە باتی ئەوەی هەوڵی ئەوەی وەڵامی خواستەکانی بدەنەوە هەوڵ دەدەن پێویستییەکانی دابین بکەن.!

مینا بە هەناسەسوارییەوە گوتی: وایە منالّ هەمیشە خواستەکانی

لەبەرچاوە نەوەک پێویستییەکانی.! ئەمە لە منداڵدا بە تەواوەتی دیارە ئەی ئەمەسەبارەت بە گەورەکان چۆنە؟.

مامۆستا ئارام گوتی سەبارەت بە گەورەکانیش بە هەمان شێوەیە. واتەکاتێک لێکدانەوەیان نابێت و ناتوانن بەرژەوەندی دوورمەودایان لە خواست و حەزە نزیکەکانیان جودا بکەنەوە!.

مینا ئێستا کە بە قووڵی تێگەیشت، ئەوجا گوتی: واتە شوێن خواستەکانیان دەکەوون و پێویستییەکانیان کە پێویستی بە بیرکردنەوە و وازهێنانە لە خواستەکانیان واز لێ دەهێنن.

مامۆستا ئارام گوتی: ئیتر لە ئامرازی گەیشتن بە پێویستییەکان دەگەڕێن، هەر دەیانەوێت خواستەکانیان تێر بکەن!.

مینا گوتی: ئەمەش دەبێتە هۆکاری توندوتیژی لە نێوانیان.

مامۆستا ئارام گوتی: ئەمە سەبارەت بە هەرکام لە تاکەکان وابێت ئەوا بۆ کۆمەڵ و گروپەکانیش بە هەمان شێوەیە ، کاتێک کۆمەڵگەیەک تەنها لە ئاستی دابینکردنی پێویستییەکانیدا ناوەستێتەوە هەوڵی تێرکردنی خواستەکانی دەدا، ئیتر تەندو تیژی بەرامبەر ئەوانی تر لەوانەش گروپ و کۆمەڵگەکانی تر دەکات.

لەم کاتەدا کەروێشکێک لە نزیکیان لە پێشان گوێکانی هەڵبڕی و پاشان بە خێرایی دەستی بە راکردن کرد. بەڵام مینا پشتی لەو



بوو، بۆیە نەیبینی.

باوکی پێی گوت: مینا سەری ئەو کەروێشکە بکە!

کاتێک مینا سەیریکرد کەروێشکەکە گوێکانی هەڵبڕی بوو و بازی گەورەی دەنا و بۆ شوێنی دوور دوور لەمان دەڕۆشت.



(٧)

( هەڵهاتنی خۆر)

مینا و مامۆستا ئارام بە شاخەکەدا سەردەکەوتن و گفتوگۆیان دەکرد، هێندە لە جادەکە دوور کەوتبوونەوە ئەگەر یەکێک لە خوارەوە سەیری بکردنایە وەک دوو بووکەشووشەی بچووک دەیبینین کە بچنە ناو دە ستەوە . مامۆستا ئارام گوتی: هەر بەم بینینەی خۆمان و ئەوانی تر توانیومانە بیر بکەینەوە و زمان دابهێنین و ژیانیشمان رێک بخەین. مینا گوتی: بابەتەکە قووڵتر بوو، بەڵام خۆشتر بوو وەک هەناسەدانی ئەم بەیانییە کە هەم بەچێژەو هەمیش هەتا سەربکەوین توند تر دەبێت.!

پاشان گوتی: پێویستم بە روونکردنەوەیە تا تێرامانی زۆرتر بکەم.! مامۆستا ئارام گوتی: جارێک هەناسە توندییەکەت یەکێک لە هۆکارەکانی رانەهاتنتە . پاشان سەیرکە! من بیر دەکەمەوە لە خۆم کەسێکم دروستکردووە لەنێوان ئەو و خۆمدا گفتوگۆ دروست دەبێت: ( ئارام بۆ وات کرد و و بۆچی ئەوەشت کرد ). ئەم وەڵام





و پرسیارە لە نێوانماندا پێی دەوترێت گفتوگۆ.

مینا گوتی باوکە من تا ئێستا وام بیرنەدەکردەوە کە بیرکردنەوە گفتوگۆ بێت. ئەی زمان چییە؟.

ئارام با بە نمونە ئەویش روون بکەمەوە: ئێمە لە زماندا دەکرێت گوتەکانمان لەخۆمان جودا ببنەوە و بگوازرێنەوە. یانی ئاماژەکانی ئێمەی مرۆڤ وەک ئاماژەی ئاژەڵەکانی دیکە نین ( بۆ نمونە هەنگەکان)، کە جیا لە جەستەیان قسەکانیان بوونیان نییە.

ئەم جیابوونەوەیە پێی دەوترێت کولتوور لەوانەیە ئێمە بمرین بەڵام گوتە و نووسین و بەرهەمەکانمان بۆ نەوەکانی داهاتوو بەجێ بمێنێن. بزانن لێرەوە کەسێک پێشتر تێپەریوە ئەم گوتانەی وتووە و ئەو کارانەی کردوە.

مینا گوتی: بۆیە هەندێ لە توندوتیژی بەرامبەر ئێمەی مرۆڤ ئەوەیە نەهێڵن بیر بکەینەوە یاخود نەهێڵن کولتوورەکەمان بۆ دوای خۆمان بمێنێتەوە.!

مامۆستا ئارام گوتی: کەواتە مەبەست لە توندوتیژی بە مانا تایبەتەکەی توندوتیژییە بەرامبەر ئەو بابەتانەی ئێمە کە ئاگایی و بیرکردنەوە و هەبووەکانی ئێمەن، بێ بەڵگەیەکی ئەخلاقی یاخود یاسایی یاخود عەقڵانی.

مینا گوتی: ئەگەر کەسێک توندتیژی بەرامبەر ئەو سێ بابەتەی



مرۆڤ بکات ( جەستەیی و ئاگایی بەرامبەر جەستەی و بیرکردنەوە میانرەوەکانی هەروەها کولتوور و هەبووەکانی) ئایا ئەو دەتوانێت بەرگری لە خۆی بکات.؟ مینا گوتی: واتە ئێمە ئەرکمانە جەستەو بیرکردنەوەی میانەرەو و هەبوو ( موڵک) و کولتووری ماوەی مرۆڤەکانی دیکەش بپارێزین. من بیر دەکەمەوە، ئایا دەکرێت لەو پێناوەدا توندوتیژی بکەین؟

مامۆستا ئارام پێکەنی و گوتی بیرەکەت زۆر وردە. بەڵێ بە مەرجێێک بە ناچاری و بە قەت پێویستی بێت.

مینا گوتی: بەهەر ئامرازێک بێت.

مامۆستا گوتی: بەهەر ئامرازێک بێت بە مەرجێک هەم لە بر و هەمیش لە جۆردا توندتر لە تونتیژییەکە نەبێت. بەڵام دەزانێت ئێمەی رێگای زۆرمان هەن بۆ نەهێشتنی توندتیژی.

هەمتر وەستا تا کچەکەی بگات: بۆ نمونە یەکێکک لە رێگاکانی توندوتیژی بۆ نەهێشتنی تەندوتیژی توندوتیژییە ( بەمەرجەکانی) بەرامبەر بە خۆمان. مینا گوتی: مەبەستت مانگرتنە لە خواردن و تەنانەت خۆبەکوشت دانیش لە پێناو نەهێشتنی ستەمدا. باوکی گوتی: بەڵێ زۆر راستە گرنگتر لەوە مرۆڤ تەنانەت دەتوانێت بەر لە توندوتیژی بگرێت لە رێگەی ناتوندو تیژییەوە بۆ جولانی عەقڵ و ویژدانی توندتیژکاران تا واز بهێنن.!

مینا گوتی: لەبیرمە پێکەوە لە ژیاننامەی )غاندی(دا خوێندمانەوە، کە بەئینگلیزەکانی دەگوت. ئەگەر واز نەهێنن ئەوا ئێمە دەمرین.!

مینا گوتی: دایکم دەیگوت گەلێ جار توندوتیژی مرۆڤ بەرامبەر بەخۆی رێگەی پێ دەدرێت لەپێناو خۆشەویستیدا وەک توندوتیژی دایک بەرامبەر بەخۆی لە پێناو بەخێوکرن و پاراستنی مناڵەکانی.

لە گەرمەی قساندا بوون کە ناوەراستی قەتپاڵەکەیان تێپەراند و مامۆستا ئارام گوتی: مینا سەیری خوارەوەی شاخەکە بکە؟ چۆن سێبەرەکە شوێنمان کەوتووە و بەرەو لای ئێمە دێت و تیشکی خۆر جێی دەگرێتەوە: پاشان گوتی:ئەمانەی گوتمان توندوتیژییە رێگە پێدراوەکانن بۆ پاراستنی جەستەو بیر و هەبووی مرۆڤەکان. جا بەرامبەر خۆمان ئەنجامیان بدەین یاخود ئەوانی تر لە سنووری بوونی بەڵگە و رێگەپێدانی.!

مینا لە دەمی باوکی وەریگرت و گوتی: رێگەپێدانی عەقڵی و ئەخلاقی و یاسایی.

باوکی دەنگی دەمی فیکە لێکرد هەڵهات و گوتی: بەڵام بنەرەت ناتوندوتیژییە. ناتوندوتیژێ چالاکی نەوەک گیژییە.

میناش بە شوێنیدا بە ئاوازێکەوە گوتی:

دەی بە نموونە تێم بگەیەنە
ناتوندوتیژیی چۆن چالاک بوونە



مامۆستا ئارام گوتی: ئەوەی بزانێت شتێک چاک بکات توندوتیژی بەرامبەر ناکات.

مینا گوتی: لەبەرئەوەیە باوکە گیان
لە ناو پۆلدا بوو ژیرە رۆژێکیان
خوێندکارێک گەلێ نەشیاو نواندی
بێ هیچ هۆکارێ دژی بە توندی
بۆ پێداکێشان هەڵیبڕی دەستی
ژیرەی ئارامیش هەربەخێرایی
لەسەرەوە گرتی پەنجۆڵەکانی
قۆڵی هەڵسوران بۆ دواوەی هانی
لەپێ دەستی گرت بە قورسی بەستی
خوێندکاری توند یش هەر لەبەر ئازار
جنێوی پێشتری بووبوون بە هاوار

مامۆستا ئارام:

ناتوندوتیژی هێزە و توانایە
ئەوەی بەو دەکرێت لە هیچ کەس نایە
بەڵام پێویستە بزانی ئەوە
کاری ناتوندی سنووری هەیە
لە ناو رێسای خۆی نوێنەری هێزە

پیشانی دەدا توانا و موعجیزە
لە چێوەی یاسا ڕێگەدراوە
ئەخلاق و عەقڵیش بریاریان داوە:
بەقەت ئەوەندە بنوێنێ هێزی
تاکو نەمێنێ هیچ توندو تیژی
هەرهەموو خەڵکی لە هەر جێ و هەر لا
بە ئاشتی بژین بۆ هەتا هەتا
هەردووکیان پێکەوە گوتیانەوە:
لە لا لا لالالا
لەە لەلا لال لە ل

کاتێک کە گفتوگۆکەی نێوان مینا و باوکی کۆتایی پێهات گەشتنە لوتکەی شاخەکە. هەر لەو چرکە ساتەدا بوو خۆریش هەڵهات کە مینا نەیدەتوانی چاوی هەڵبڕێت و بۆی بڕوانێت.
دوای ڕوونبوونەوەی چاوەکانی هەستی بە تەزوویەکی گەرمایی چێژ بەخش دەکرد کە بەر جەستەی دەکەوت. باوکی گوتی مرۆڤی میانەرەو وەک خۆر وایە کە هەم جیهان ڕووناک دەکاتەوە و هەمیش گەرما دەبەخشێت.!





(٨)

## هاتنەوەی  سەربازی نیشتمان لە شەڕ

ژینۆ چاوی لێبوو کە بەڕێوەبەر بەرەو لای نزا و هاورێکانی  ڕۆشت کە  لەولای چیمەنەکە دانیشتبوون  قسەیان  دەکرد.  بەڕێوەبەر نزیک  بووەوە لێیان، نزای بانگ کرد.  دەستی گرت  و بردی  بۆ ژوورەکەی خۆی.  ژینۆش بەرەو لای  ئەوان ڕۆشت.  ژینۆ  گوێی لێ  بوو کە بەڕێوەبەر  بە  نزای گوت: ئێستا  لە خەستەخانەیە. ژینۆ تەقەی لە دەرگاکە دا تا بەڕێوەبەر ڕێگا بدات بچێتە ژوورەوە نزا  هاورێی  ژینۆ  و  باوکیشی  هاورێی باوکی بوو. هەر کات نزا ژینۆی بینی بۆ لای ئەو و بەڕێوەبەر چوو. نەیدەویست بگری بەڵام فرمێسکەکانی کە هەر وەک  وشە  شتیان دەگوت،   چاوەکانیانی بەجێهێلا و بەسەر گۆناکانیدا هاتنە خوارەوە : نزا خۆی نەگرت  و گوتی ژینۆ گیان باوکم بریندارە. مامۆستا دەڵێت لە خەستەخانەیە دەچین بۆ لای  .!

ژینۆ گوتی: منیش دێم لەگەڵتان.



بەڕێوەبەر ڕێگەی چوونی ئەویشی دا و ژینۆ بە بەڕێوەبەری گوت: مۆڵەت دەدەن تەلەفۆن بۆ باوکم بکەم تا ئەویش بێت .!

لە خەستەخانە ژینۆ هەر دوو هاورێکەی بینی کە باوەشییان بە یەکدا کرد و فرمێسکیان بەسەر یەکتردا باران. یەکیان خۆی خوارکردبوویەوە و خۆی دا بەسەر ئەوی تریاندا دا. ئەویشیان سەر و دەستەکانی هەڵبری بوو بۆ ئەوەی بۆ ئەوەی بەم بگات، دەیویست هەڵسێتەوە بەڵام نەیدەتوانی. ئەو لەسەر قەرەوێڵەکە قاچەکانی ڕاکشا بوون، بۆی نەدەجوڵان، تا بۆ لای هاورێکەی هەڵسێتەوە. هاورێی یەکەم باوکی ژینۆ بوو کە بۆلای هاورێی منالّی خۆی باوکی نزا کە سەربازی نیشتمان بوو هاتبوو، کە لە شەڕدا بە بریندارى هاتبوویەوە. بۆ چارەسەر ئێستا لە نەخۆشخانە بوو و ژینۆ و باوکی وەک زۆر لە دۆستان و خزمانی ئەو بە دەمییەوە هاتبوون.

باوکی نزا بەرەو هۆڵی نەشتەرگەری برا و باوکی ژینۆش دەستی لە ناو دەستیدا تا بەردەم دەروازەی هۆڵەکە ڕۆشت و پاشان بۆلای نزا و ژینۆ گەڕایەوە و سەری هەردووکیانی نوساند بە سینگییەوە ! بەڕێوەبەر گوتی: بە خوا شەڕیش شتێکی ناشیرینە. ژینۆ گوتەکەی مامۆستا ئارامی بیرکەوتەوە کە دەیگووت، شەڕ خراپ و ناشیرینە، بەڵام ناشیرینترین ناشیرینەکان نییە!.



باوکی ژینۆ گوتی: دەبێت مرۆڤ شتێکی ببێت ئەوەندە بەلایەوە گرنگ بێت کە لەبەری شەڕ بکات و تەنانەت لە پێناویدا تێدا بچێت. ژینۆ ویستی بڵێت: ئەو شتە چییە لە مرۆڤ هێندە گرنگتر لە پێناویدا شەر بکات!.

بەڕێوەبەر گوتی: شەڕ کردن لەو شتانەیە بەهۆی شتێکی ترەوە چاک یان خراپ نییە. بەڵکو هەر لە خۆیدا خراپە و بێجگە لە ناوبردنی مرۆڤەکان خۆیان، ئەوەش مرۆڤەکان بە مێژوویەک دروستیان کردوە بە کاتێکی کەم لەناو دەبات. ئەمە تەنها دیوە بینراوەکەی ئەگینا خراپە نەبینراوەکانی زۆر زۆرترن .!

ژینۆ گوتی: مامۆستا گوتەکەت وای لێکردم قووڵتر بیر بکەمەوە بابەتی نەبینراوی خراپ!. باوکی ژینۆ گوتی: بەڵێ گەلێ شت هەن کە بوونیان هەیە و چاک و خراپن یاخود جوان و ناشیرینن بەڵام نەبینراون. مرۆڤەکان زۆرجار بەوە لێیان تێکدەچێت ئەو شتانەی ئامرازی ئەوان بەوان تێدەگەن.! ژینۆ گوتی: دەتوانیت بە نمونە ڕوونتری بکەیتەوە؟ .

باوکی گوتی: بۆ نمونە شەر کردن. چەکەکان و مرۆڤەکان لە ناو شەردان بەڵام شەڕکردن خۆی دۆخێکی نەبینراوە باوکی ژینۆ پارێزەرە، بۆیە نمونەی زۆری لایە: بۆ نمونە تاوانی کوشتنی ئاژەڵ یاخود برینەوەی دارێک یاخود تاوانی بەزاندنی سنووری.

وڵاتێک لە لایەن سەربازانی وڵاتێکی تر.

سەیرکە هەرکام لە کارەکان دیارن برینەوەی دار یاخود لێدان و کوشتنی ئاژەڵەکە بەڵام (تاوان) خۆی دیار نییە. هەروەها چاکە و خراپەش بەهەمان شێوەن.!

نزا ئێستا ڕووی لە دەرگای هۆڵەکە وەرگێڕابوو کە باوکیان لێیەوە بردە ژوورەوە بەشداری لە گفتوگۆکە کرد و گوتی: وەک غەمباری و شادی. بەڕێوەبەر گوتی : سەیرە بەم مێژووە دوور و درێژەی ئێمەی مرۆڤ ڕێگەیەکی باشترمان لە شەڕکردن نەدۆزیوەتەوە بۆ چارەسەری گرفتەکانمان باوکی ژینۆ گوتی: با دۆزیومانەتەوە، هەنگاوی یەکەمی چارەسەر گفتوگۆیە. لە گفتوگۆدا حەقیقەتی شتەکان دەردەکەون و زانیاری تەواو لە سەر بابەتەکە دەزانرێت.!

ئەمە کە ئەزمونی ئەویش بوو لەگەڵ منداڵانی هاورێی، بۆیە نزا گوتی :ئەو کەسەی زانی ئەگەر حەقیقەت دەرکەوت و بە قازانی ئەو نەبوو ئیتر دۆخەکە تێک دەدات. نزا لە تێگەیشتنی ئەو حەقیقەتە هەر چەند نەیویست بەڵام زەردەخەنەیەک کەوتە سەر لێوەکانی.! ژینۆگوتی: پێکەنین لە تێگێیشتنەوەیە ( ئەمەی بۆ کەمکردنەوەی غەمباری هاورێکەی گوت.)

باوکی ژینۆ گوتی: ئەوەی شەڕ دەکات یان نازانێت یاخود وا دەزانێت کە دەزانێت یاخود نیازی خراپە. ئەو دوانەی یەکەم.



ڕونکردنەوەو بەڵگەکاریان دەوێت. ئەوەی سێیەمیش پشتیوانی دڵی پێویستە. ژینۆ گوتی: پشتیوانی دڵ یانی چی؟

باوکی گوتی: واتە جوڵانی ئەو دیوە باشەی لە دەروونی هەموو مرۆڤێکدا هەیە کە دەبێت دەربخرێت.! ژینۆ گوتی: تێگەیشتم، هەر بۆیە (غەندی) ڕابەری دژە شەڕی هیندستان گوتوویەتی، ئێمە بە دڵ داگیرکەر لە وڵاتەکەمان دەکەینە دەرەوە .!

بەڕێوەبەر گوتی: ئەو بەسەربازە ئینگلیزەکانی دەگوت: ئەگەر ئێوە لە وڵاتەکەمان نەچنە دەرەوە ئەوا ئێمە دەمرین.! ژینۆ گوتی: ئەوانەی شەڕیان کردووە نە گفتوگۆ دەکەن و نەوەڵامی دڵیش دەدەنەوە. کەواتە شەڕ پێویستە بۆ ئەوەی واز لە خراپە بهێنن.

باوکی ژینۆ گوتی: بەڵێ هەندێک لە مرۆڤەکان ئەوە بۆچوونیانە. تەنانەت هەندێک لەوە زیاتر بۆ ئەوە دەڕۆن کە بۆ ئەوەی بمێنی دەبێت مافی مرۆڤەکانی دیکە بخۆیت.

ژینۆ گوتی: ئیدی بۆ ئەمانە نە بەڵگە و نەگفتوگۆ و نە دڵیش ناخوات.! باوکی گوتی : بەڵام تەنانەت لەگەڵ ئەمانەش زۆرجار بە گفتوگۆ یاخود بەدڵیان وازیان لە شەڕ پێهێنراوە.

پیاوێک کە لەو لایانەوە وەستا بوو و گوێی لە گفتوگۆکانیان گرت بوو، گوتی: دوای ئەوەش ئەگەر هەر وازیان نەهێنا؟

باوکی ژینۆ گوتی: دوای هاتنە دی هەموو ئەو مەرجانەی کە باسکران. ئەوا بۆ پاراستنی ئەو شتانەی لامان گرنگن و ئەهێننن خۆمان لە پێناویان بدەین بە کوشت شەر دەکەین.

نزا گوتی: ئیتر شەڕەکانمان هەم ویژدانانە و هەمیش عاقڵانەیە.

باوکی ژینۆ گوتی: ئەوە پێی دەوترێت شەری عادیلانە.!

لەم کاتەدا بوو دەروازەی هۆڵی نەشتەرگەری کرایەوە و پزیشکێک هاتە دەرەوە و ئەمانیش هەر چواریان بەرەو لای پزیشک جولاّن.









(٩)

(زەنگی دەرگا یاخود لێدانی کاتژمێری گەورەی شار)

هاورێکانی هاتوون بۆ ماڵە تازەکەی ڕەیان کە لە قاتی چوارەمی بینایەکدایە. ڕەیان زۆر بیری ماڵەکەی پێشووتریان و کۆڵان و درەختەکان و ژوورەکەی خۆی دەکاتەوە. نمە دەڵێت: هەمیشە مرۆڤ لە گۆی زەوی و لە نیشتمان و شارەکەی شوێنێک هەیە بۆی دەگەڕێتەوە. ڕۆڤار گوتی: هەربۆیە شوێن جیایە لە جێ. شوێنەکەی من دڵم لایەتی هەرچەند زۆربەی کات لەوێش نەبم. نمە گوتی: باوکم کە شۆفێری بارهەڵگرە زۆربەی کات لە سەر جادە ئۆتۆمبێل لێدەخورێت، بەڵام جادەکان ماڵی ئەو نین. باوکم دەڵێت خۆشترین شوێنەکانی دونیا کە من بۆی دەچم ماڵەکەی خۆمانە. ڕۆڤارگوتی: شوێنی هەر کام لە ئێمە ئەگەرچی جیاوازیش بێت، ئەوا جوانی و ناشیرینی و خۆشی و ناخۆشی شوێنەکان پەیوەندیان بە ڕوانینی ئێمەوە هەیە نەک خودی شوێنەکان!.

ڕەیان گوتی: من ژوورەکەی خۆمم لا جوانە و خۆشترین بوو!.

پێکەوە دەچنە ژووری کاری دایکی ڕەیان. دایکی ڕەیان نووسەرە و کۆمەڵێک کتێب دەربارەی ناتوندوتیژی لەسەر مێزی نووسینەکە دانراوون. لەوانیش ژیاننامەی ئەو کەسانەی بەرابەری ناتوندوتیژی ناسراوون (تۆلستۆی و غاندی و ماندێلا) و هەروەها کتێبی (ژیانی خۆنووسیی مارتین لۆسەر کینگ) هەرچەند ناوی نووسەرەکەی مارتین لۆسەر کینگ نییە.

ڕەیان کتێبەکەی بە دەستەوە گرت و بە هاوڕێکانی گوت: دایکم دەڵێت ئەم کتێبە مارتین خۆی نەینووسیوە بە شێوەی کتێب، بەڵکو لە هەموو نووسینەکانی لە گۆڤار بەیاننامە و ڕۆژنامە و وتارەکانییەوە کۆکراوەتەوە. ڕەیان گوتی: دایکم خەریکە ڕۆمانێک دەبارەی ناتوندتیژی دەنووسێت. دایکی ڕەیان بە خەتێکی جوانی ڕشت سێ وشەی نووسیوە ( میانەڕەوی ناتوندوتیژی، گفتوگۆ ) و بە دیوارەکەوە بەرامبەر بە مێزی نووسینەکەی هەڵیواسیوون.!

ڕەیان گوتی دایکم گوتی: ئەوانە سێ وشەی کلیلی ڕۆمانەکەمن.

نمە گوتی: هاوڕێیان وەرن با تێرامان و گفتوگۆ لەسەر ئەو سێ زاراوەیە بکەین.!

ڕۆژڤارگوتی :زۆر باشە سەرەتا بڕیار دەدەین لە گفتوگۆوە دەست پێبکەین. ڕۆژڤار گوتی: بڕیاڕدان. باشە ئێمەی مرۆڤ چۆن بڕیار لەسەر شت دەدەین؟



ڕەیان گوتی: سەرەتا دەبێت ئەو شتە بناسین کە دەمانەوێت بڕیاری لەسەر بدەین و دواتر بەهاکەی دیاری دەکەین و دواتر ئامراز بۆ گەیشتن پێی دەگرینە بەر.

نمە گوتی: بووەستە! زۆر خێرای، دەڵێی ڕووباریت هێندە خێرا دەڕۆی! دەتوانیت بە نموونە ئەو پرۆسەیەمان بۆ ڕوون بکەیتەوە!.

ڕەیان گوتی: ببورن! من لەگەڵ دایکم زۆر گفتوگۆمان دەربارەی ئەو بابەتە کرد بوو بۆیە خێرا شتەکانم هەڵڕشت. نمە گوتی: دەی لەگەڵ ئێمەش باسی بکە!.

ڕەیان گوتی: بۆ نموونە دایک و باوکم بڕیار دەدەن. هاوین بچن لە دەرەوەی شار خانوویەک بەکرێ بگرین تا هاوینەکەمان لەوێ بەسەر بەرین و دایکیشم لە ناو سروشتدا کتێبەکەی تەواو بکات

ڕۆژڤار گوتی: خانووەکەی ئێوە لە ناو سروشتدایە هێشتا ژینگەی ئەم ناوچەیە پیس نەبووە.

ڕەیان گوتی: دایکم گوتی لەوێ نزیکترین لە سروشتەوە.

ڕۆژڤار گوتی: بمبورە.! ئێوە ئازادن ئەوە هەڵبژاردنی خۆتانە.!

نمە گوتی: بەردەوام بە.!

ڕەیان: لەسەرەتادا ئەو شوێنانە دەزانین کە هەڵبژاردەکەی ئێمەی تێدایە. دواتر دەست دەکەین بەلێکدانەوەی شوێنەکان. بە گوێرەی پێوەرەکانمان بۆ نموونە دوور و نزیکی پاکی ئاو و هەوا و هەرزان

و گرانی نرخ و ئەمە پێی دەوترێت ( بەها پێدان ) دواتر ئامراز دەگرینە بەر بۆ ئەوەی ئەو کارە بکەین!

رۆڤار گوتی: بڕیاردانیش هێندە ئاسان نییە.

نمە گوتی: هەندێ لە بابەتەکان کە بڕیاریان لەسەر دەدەین تەنها پەیوەندی بە ئێمەوە نییە.

رۆڤار گوتی: ئەوە ئیدی کاری بڕیاردانەکە قورستر دەکات.

رەیان گوتی: لە سەرەتاوە تۆ ناتوانیت هەموو هەڵبژاردەکان بزانیت.! نمە گوتی: چونکە تۆ لە گۆشەنیگای خۆت و ئەوانیش لە گۆشەنیگای خۆیانەوە سەیری بابەتەکە دەکەن. رۆڤار چووە بەردەم پەنجەرەکە و گوتی: بۆیە دەبێت لە پشت پەنجەرەی ئەوانی دیکەشەوە بۆ بابەتەکە بڕوانیت.!

رەیان: هە ربۆیە هەر کەسەو بەشێ لە ڕاستی شتەکە دەبینێت.

تەنانەت ئەگەر لە ناسینەکەشدا هەموو (وەک یەک بیزانن.)

رەیان گوتی: زۆر قورسە.. چونکە هەم شێوەی ڕاستەقینەی شتەکان لای هەمووومان وەک یەک دیار نییە و هەمیش دوور و نزیکیمان لێیانەوە جیاوازی دروست دەکات. نمە گوتی: پێوەری هەڵبژارنەکانمان جیاواز دەبن. چونکە گرنگی شتەکان بە گوێرەی کەسەکان جیاوازنرەیان گوتی: دایکم نمونەیەکی لە نووسەرێکەوە بۆ گێرامەوە کە: لێدانی کاتژمێری گەورەی شار بۆ زیندانییەک کە



گوێی لێیە، لەوانەیە نیشانەی ئەوە بێت تەنها پێنج کاتژمێر لە تەمەنی ماوە و لە سێدارە دەدرێت. لەوانەیە بۆ کرێکارێکیش نیشانەی کۆتایی هاتنی کار و گەڕانەوە بێت بۆ ماڵەوە.!

نمە گوتی : بۆیە دەبێت خۆت بخەیتە شوێن ئەوانی ترا!. رەیان سەیری قاپی میوە خاڵییەکەی کرد و گوتی: ئەگەر میوەیەک بکرین ئەوە من حەزم لە مزرەمەنییە.

رۆڤاریش گوتی منیش حەزم لە شیرینییە.

رەیان گوتی: کەواتە چۆن ڕێک بکەوین.!

رۆڤار گوتی لەسەر یەک ڕا کۆ دەبینەوە.

رەیان گوتی: ناکرێت

نمە گوتی: دەبێتە هۆی توندوتیژی

رەیان گوتی: بەڵام کێشەیەکە و دەبێت چارەسەر بکرێت. کەواتە با یەکێکمان لە باتی ئەوانی دیکە بڕیاربدات.

نمە گوتی: یان هەڵبژاردن دەکەین .!

رەیان گوتی: هەر کام لەو هەڵبژاردنانە خەوشی خۆی هەیە گەورەترین خەوشییان خۆسەپاندنە ، بۆیە لایەنی ئەخلاقی ئێمە تێر ناکات. نمە گوتی: ڕێگای تر هەیە؟ .

رەیان گوتی: ڕێگا چارەی دیکە ( گفتوگۆیە)، کە هەموان تێیدا بەشداربن. .

نمه گوتی: تێگەیشتم کەواتە گفتوگۆ بۆ خۆشی نییە، بەڵکو پێویستییە.!

هەر لەم کاتەدا زەنگی دەرگاکە دایچڵەکاندن. کە دەرگایان کردەوە دایکی رەیان بوو باوەشێک کتێبی بە سینگەوە و کیلۆیەک سێو بە دەستییەوە. هەموویان سەیری میوەکەیان کرد و دواتر سەیری یەکتر و پێکەنین دایکی گوتی ئەوە بۆ بەو قووڵییە پێدەکەنن؟.



## (١٠)

## (هەورەکان دڵۆپە بارانەکان لە دەریاوە دەهێنن)

منداڵەکان لە دایک و باوکیان دوورکەوتبوونەوە، هێندە دوور کە زۆر لەوە بچووکتر دیاربوون کە لە خۆیاندا وابوون. ئەم بەیانییە کە هەر سێ خێزانەکە بۆ سەیران گەیشتنە ئێرە، باوکی سارا بە هەموو ئەندامانی گەشتەکەی راگەیاند کەشناسی رایگەیاندووە باران دەبارێت.

بۆیە لەو دەشتەدا زۆر نەپژێن و دوور نەکەونەوە نەوەک تەڕ ببن. هەنوکە منداڵەکان دوورکەتبوونەوە لە دووریشەوە هەورەکان دەرکەوتبوون. منداڵەکان بە جۆرێک خەریکی یاریکردن بوون و لەگەڵ سروشت تێکەڵ بوو بوون هۆشییان بەلای هەورەکانەوە نەبوو، کە بەردەوام لێیان نزیک دەبوونەوە. ئێستا هەورەکان گەشتبوونە سەر سەریان، دڵۆپە بارانەکان دانە دانە دەهاتنە خوارەوە. مامۆستا ئارام بانگی لەوان دەکرد بەڵام منداڵەکان هەر ئاگایان لێ نەبوو. بۆیە مامۆستا هەوڵی دا دوو ڕێگەکەی دیکەی





گەیاندن بەکاربهێنێت کە ئەوانیش زمانی جەستە و ئاماژەکانن بۆ ئەوەی ئاگاداریان بکات. بەڵام ئەو دوو ڕێگەیەش سوودیان نەبوو. بۆیە ئەو بنەمایەی بەکارهێنا، کە تۆ هێندە هەوڵی گۆڕانکاری لە جیهاندا بدە کە پێت ئەنجام بدرێت ئەگینا بە ئارامی لەگەڵیدا بڕۆ ئەمەش یەکێک لە بنەماکانە کە بیریارە (ڕەواقی) یەکان فێری مرۆڤایەتییان کردووە.

منداڵەکان کاتێکیان زانی کە هەورەکان ئەو دڵۆپە ئاوانەی لە دەریاوە لە تەک خۆیان هێنابوویان یەک دوو و سێ و هەزارانیان بەسەردا باراندن. بۆیە هەوڵی خۆ ڕزگارکردنیا دا دەستییان بە هەڵهاتن لە ژێر لێزمەی بارانەکەدا بۆ لای گەورەکان بۆ ناو ئەشکەوتەکە کرد. ژیار هێندە تەڕبووبوو جلەکانی بە گیانییەوە نووسا بوون گوتی: هەورەکان توندوتیژیان بەرامبەر ئێمە ئەنجام دا باوکی گوتی: سروشت ڕێسای خۆی هەیە و و ئێمە پێشتر ئاگاداری ڕێساکانی بووین، بۆیە دەبوو ئێمە خۆمان لەگەڵیان بگونجێنین ! مامۆستا ئارام کە خاولییەکی گرتبوو بە دەستییەوە و سەری مینای خستبووە نێوان هەردوو لەپی دەستی و قژەکانی وشک دەکردەوە وتی: هەر بۆیە ئێمە کاتێک ئەو ڕێسایانە دەزانین پێشبینی ئەوە دەکەین کە لە داهاتوودا ڕوودەدات!. باوکی سارا کە دارەکانی دەخستە سەر ئاگرەکە بۆ ئەوەی منداڵەکان سەرمایان



نەبێت گوتی: وەرن با بیر لە توندو تیژی بکەینەوە!.

مامۆستا ئارام گوتی: زۆر باشە بەڵام دەبێت زۆر لە دوورەوە بۆ بابەتەکە بێینەوە، بەڵکو بارانەکەش کۆتایی بێت. دەنگی خوڕەی باران لە دەرەوەی ئەشکەوتەکە دەهات. هەر خۆی دەستی بە گوتان کردەوە: دەزانن گەلێ لە داهێنانەکانمان لە لاوازی ئێمەوە سەرچاوەیان گرتووە!.

باوکی سارا لە کاتێکدا بەردەوام خەریکی هەڵگیرسانی ئاگرەکە بوو گوتی: دەتوانیت نمونەیەک بهێنیتەوە؟. مامۆستا ئارام گوتی: بۆنمونە ئەگەر نەخۆشی نەبوایە پێویستمان بەنەخۆشخانە نەبوو هەروەها.. بۆ ماوەیەک وەستا تا خاولییەکە توندتر بە قژەکانی مینادا بهێنێت .

باوکی ژیار گوتەکەی مامۆستا ئارامی تەواو کرد: بازاڕیش بە هەمان شێوەیە، ئەگەر من بە تەنها بمتوانیایە پێویستییەکانی خۆم دابین بکەم ئەوا پێیستم بە بازاڕ نەبوو .

مامۆستا ئارام گوتی: ئەمە بۆ کۆی کۆمەڵگە و دیموکراسیش ڕاستە. چونکە دەسەڵاتدار ئەگەر بیتوانیایە بە تەنها و بۆ هەمیشە هەموو کارەکانی بکردایە ئەوا پێویستی بە هەڵبژاردن نەدەکرد کە تا هەر ماوەی جارێک دەسەڵات بدەین بە کەسێک. باوکی سارا گوتی: هەروەها ئەگەر بکرایە هەموو کارەکان یاسا دانان و

دادگایی کردن و بەرێوەبردنیش هەمووی بەو بکرایە، ئیتر پێویستی بە گفتوگۆو بەشداریکردنی ئێمەی نەدەکرد بۆ داواکردن و پارێزگاری لە مافەکانمان.

مامۆستا ئارام گوتی: هەر بۆیە دەبێت خەڵکی گفتوگۆ بکەن، چونکە بێ گوتنی ئەوان دەسەڵاتدار نازانێت ئەوان چییان هەیە؟

مینا ئێستا گیانی هاتبووەوە بەبەردا تەڕی نەما بوو گوتی: بۆ گفتوگۆش بەهەمان شێوەیە بۆیە دەبێت هەر کەس قسەی کرد ئەویتر بە دیارییەوە بووەستێت.!

ژیار گوتی: بە بەشداری لەم گفتوگۆیانەدا مرۆڤ قووڵتر دەبێتەوە، ئەمە بۆ رەوشتیش بەهەمان شێوەیە باوکی گوتی: ئافەرین! کورم هەر بۆیە ناتواناکان توانایان هەیە. چونکە مرۆڤی توانا پرس و را بەوانی تر ناکات، ئێمە لە دیموکراسیدا پرسورا بەیەکتر دەکەین چونکە لاوازییەکانی خۆمان بە بەیەکەوە بوون پڕ دەکەینەوە.

سارا گوتی: بۆیە توانای ئێمە بە کەم و زیادی جەستە نییە چونکە لە رووی جەستەوە هیچ مرۆڤێک لە هیچ مرۆڤێکی تر ناکات.! مامۆستا ئارام گوتی: بەڵێ یاسا و عەقڵ و ئەخلاق بۆ ئەوەن وەک یەکمان لێ بکەنەوە:

ژیار گوتی: دەتوانیت بە نمونەیەک روونی بکەیتەوە: مامۆستا ئارام گوتی: تۆ وا دابنێ کە حەوزێکی ماسی بەخێوکردنت هەیە



ئەگەر ماسییە گەورەکان و ماسییە بچووکەکان پێکەوە دابنێی ئەوا ماسییە گەورەکان ماسییە بچووکەکان دەخۆن.! ژیار گوتی: تێگەیشتم بەڵام ئەگەر تۆڕێک لە نێوان ماسییە گەورەکان و ماسییە بچووکەکان دابنێی ئەوا بە قازانجی ماسییە بچووکەکانە!.

سارا گوتی: واتە بەوە وادەکەیت ماسییە بچووکەکان وەک ماسییە گەورەکان لێ بکەیت مامۆستا ئارام گوتی: با هەر بە نمونەی حەوزە ماسییەکە بچینە پێشەوە. ئەگەر تۆ بە تۆڕێکی دەسکەداری کونکونەوە بتەوێت هەموو ماسیەکان لە حەوزەکەت دەربهێنیت.!

ژیار گوتی: ناتوانیت چونکە ئەو ماسیانەی لە کونەکانی تۆڕەکە وردترن ناگیرێن.!

باوکی سارا گوتی نابێت تۆ بڵێی ئەو ماسییانە بوونیان نییە. بۆیە نابێت بڵێی هەر ئەو حەقیقەتانە حەقیقەتن کە من دەیانبینم لەوانەیە زۆر حەقیقەت هەبن تۆڕی عەقڵی تۆ نەیانگرێت.! باوکی ژیار گوتی: ئێمە دەتوانین تۆڕەکەمان وردتر بکەین و ماسییە بچووک بچووکەکانیش بدۆزینەوە: سارا گوتی: بەچی دەتوانین ئەو کارە ئەنجام بدەین؟ باوکی ژیار گوتی: بە هۆی بەکارهێنانی زانستەوە. نابینی ئەوەی پێشتر بە کۆمەڵگەیەک نەدەکرا ئێستا لە رێگەی ئامرازێکەوە ئەنجام دەدرێت.!



مامۆستا ئارام گوتی: زانست تواناکانی ئێمەی بەرزترکردووەتەوە بەڵام لە هەمان کاتدا لاوازییە کانیشمانی پیشان داوە.!

ئێستا کە جلە کانی وشک بووبوونەوە لەبەردەم ئاگرەکەدا خۆی گەرم دەکردەوە ژیار گوتی: ئەوسا کەس نەیدەتوانی بێپرسی کەس بچینە ماڵییەوە، بەڵام ئەمرۆ لە ڕێگەی کامێرا و تۆرە جیهانییەکانەوە لە هەموو لایەک بوونمان هەیە.

دایکی سارا مامۆستا شێواز: کە کەوگیرەکەی بەدەستەوە گرتبوو سەری قابلە برنجەکەی بەرزکردبوویەوە و دەیویست سەروژێری بکات تا باش تێکەڵ بێت، گوتی: ئەمڕۆ بە هۆی زیاد بوونی تواناکانی ئێمەی مرۆڤەوە ژینەگەمان تێکداوە و هەزاران جۆر گیاندارمان لە ناوبردوە و هەوامان ژەنگاوی کردەوە.! مامۆستا ئارام گوتی: هەرچەند دۆخی ژیانی گەلێ خەڵک باش بووە بەڵام کەمێک لە مرۆڤەکان بوونەتە خاوەنی زۆربەسەرمایەی دونیا و ئەوانی دیکە بێبەش بوون.! باوکی ژیار گوتی: سنوورەکان وەک جاران ڕێگر نین. دەتوانیت ئاگات لە هەموو شوێنێک بێت. بەڵام ئەمەش دەستکاریکردنی ژیانی مرۆڤ و ئاژەڵەکانی زیاتر کردوە باوکی سارا گوتی هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: ئیتر وەهمی تەواوی و بێخەوشی ئێمەی مرۆڤ و ناتەواوی دروستکراونی تر، وایکردوە، ناتوانین هەست بە ئازاری ئەوان بکەین.!

مینا گوتی: ئێمە توندتیژی بەرامبەر ژینگە و ئاژەڵ و مرۆڤەکانی دیکە دەکەین. شەڕەکانمان ئاوەدانی هەزاران ساڵەی مرۆڤی وێرانە کردوە. (مینا ئەمە لە وانەی مێژووەوە فێر بووبوو!).

مامۆستا شێواز گوتی: ئەگەر لەم زانیارییە گشتییانەوە کە لای هەموان روونن. لەوە رامێینین، باشە ئێمە بۆچی وادەکەین؟.باوکی ژیار گوتی: لەوانەیە هۆکاری سەرەکی ئەوەبێت. ئێمە خۆمان و پێگەمان بە جێگیر دەزانین.

دایکی ژیار کە سفرەکەی بەدستەوە گرتبوو گوتی:دەکرێت بە نمونەیەک بابەتەکە روون بکەیتەوە.!

مامۆستا ئارام گوتی : سەیرکە! گەلێ شت لەم بوونە بوونیان لە جوڵەدایە ئەگەر نەجوڵێن ئیتر نابن. وەک باکان ئەگەر با نەجوڵێت با نییە، هەروەها شەپۆلیش هەر وایە، شەپۆل کاتێک شەپۆلە کە بجوڵێت!. دایکی مینا کە لەگەڵ گوێگرتندا زەڵاتەی دەکردە قاپەوە گوتی: تێگەیشتم کێشەی ئەمەی مرۆڤ ئەوەیە کە خۆمان بە تەواو سەیر دەکەین و شتەکانی دیکە بە ناتەواو لە کاتێکدا ئێمە لەم دۆخەماندا پێویستمان بە گۆڕانکاریی و جووڵەی خۆچاکترکردنە.

باوکی سارا گوتی: بۆیە ئێمە بەو وەهمەوە ئەوە بە پێویست نازانین کە پێویستمان بە (خەیاڵ)ی خۆ خستنە شوێن ئەوانی تر



هەیە، تا لە ئازاریان تێ بگەین.!

مامۆستا ئارام گوتی: خەیاڵ گەورەترین ئامرازی ئێمەیە. لە کاتێکدا وەهم گەورەترین رێگرە لە تێگەیشتن لەوانی تر. بەوەهم ئەزمونی ئەو شتە دەکەین کە یەکجار بواری ئەزمونکردنی هەیە.

مینا گوتی: تکایە.. نمونە بهێننەوە.!

مامۆستا شێواز: نمونەی سێوە کە نازانین ژەهراوییە یا نا.؟ نابێت تاقی بکەینەوە چونکە ئەگەر ژەهراوی بوو ئیتر جارێکی تر ناتوانین ئەزمونی بکەینەوە، چونکە بە خواردنی نامێنین.!

دایکی مینا گوتی: ئێمە بێ ئەوەی دەرەنجامەکانی کارەکانمان لەسەر خۆمان و دەورووبەر بزانین ئەزمونیان دەکەین.

سارا گوتی: نمونەیەک بۆ ئەوەی باشتر تێرامێین.! ئێستا هەر سێ خێزانەکە هەموویان لە دەوری سفرەکە کۆبووبونەوە لە دەرەوەش دەنگی هەور و باران بارین نەمابوو.! مامۆستا ئارام گوتی: کێشەکە ئەوەیە ئێمە وا دروست نەبووین کە بتوانین ئەوەی کە نابینین وەک ئەوە مامەڵە بکەین کە دەیبینین. من ئەگەر لەبەردەمم کەسێک خەریک بێت بخنکێت ناتوانم هاوکاری نەکەم!. بەڵام هەزاران کەس لە دوور دوور لە وڵاتانی تر بە برسێتی و نەخۆشی دەمرن بەڵام من بیریان لێ ناکەمەوە. باوکی ژیار گوتی: بابەتەکەش ئەوەیە گەلێ جار ئەو نەبینراوانە بە

هۆی کارە زیدەرەوییەکانی ئێمەوە  تووش بوون.
هەمووان بێدەنگ بوون. مینا گوتی: چۆن  وا بکەین نەبینراوەکان وەک بینراو مامەڵە لەگەڵدا بکەین. ئەوان ئێمە  بن یاخود ئێمەش واز لە توندرەوییەکانمان بهێنین؟.
سارا گوتی: لە  هەردوو حاڵەتەکەدا دەبێت ئێمە بگۆڕێین. دەبێت بزانین  بوونمان  لە  گۆرانی ئێمەدایە!.  مامۆستا شێواز داوای لە هەموان کرد، پێکەوە شتەکان  ئامادەبکەن ئیتر هەموان هەرچەند توانیان کاری هاوبەشیان کرد. وەک یەکیش لە پاڵ یەکدا، لەسەر سفرەکە  وەک  یەک  خوارنیان دابەش کرد، بۆ ئەوەی کەس بیر لەوە  بکاتەوە کە دەبێت  بەشەکەی  ئەو زۆرتر بێت  لەبەرئەوەی کاری زۆرتری کردوە!.
ئەوان  ئەوەیان  کرد  کە پێی  دەگوترێت  کاری  هاوبەش.  ئایا ناکرێت  ئێمەی  مرۆڤ لەسەر گۆی زەوی بەو شێوەیە ی هەرسێ خێزانەکە  کردیان، کاری  هاوبەش بکەین.  تاکو هەموان  ئێمە  و ئاژەڵ  دار و درەخت  لەسەر سفرەی ژیان پێکەوە نان بخۆین. کە عەقڵ ومافی مرۆڤ و ئەخلاقێکی جیهانیشمان بێت، پێیان بتوانین خۆمان  بخەینە شوێن یەکتر.



